# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

GENOCIDE.KRD

زانکۆی سەلاحەدین

زانکۆی دهۆك

زانکۆی سوران

زنجیرە پەرتووکی کونفرانسیی جینوسایدی کوردی فەیلی (1)

# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی جینوسایدی گەلی کوردستان

# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

هەولێر 2 ـ 2023/5/4

# توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

**سەرپەرشتیکردن**


پ. ی . د. سالم جاسم حاجی — پ. د. صلاح محمد سلیم

پ. د. نشوان شکری عبدالله — د. ازاد سالم محمد

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش

- تویژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
جینۆسایدی گەلی کوردستان (جینوسایدی کوردی فەیلی) (4)
- سەرپەرشتیکردن: پ. ی . د. سالم جاسم حاجی پ. د. صلاح محمد سلیم
پ. د. نشوان شکری عبدالله د. ازاد سالم محمد
پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
- دیزاین: ناجی بدل
- ژمارا سپاردنێ: (D-/2714/23)
- مافێ چاپ و بەلاڤکرنێ بۆ زانکۆیا دهۆك - سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ د پاراستینە

https://genocide.krd
info@genocide.krd
/https://www.facebook.com/people/GENOCIDEkrd
009647511101241

سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ / زانکۆیا دهۆك - کومەلگەها زانکۆیێ - جادا زاخو 38 - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ دووێ.

# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

# لیژنەی ئامادەکاری

| | |
|---|---|
| پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش | زانکۆی سۆران |
| پ. د. مصطفی صابر عەتار | زانکۆی سەلاحەددین |
| پ. د. نەشوان شکری عبدللە | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. سیروان جەبار ئەمین زەند | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. میدیا ئیبراهیم فەتاح | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. کارزان عبدالمحسن محمد | زانکۆی سەلاحەددین |
| پ. ی. د. سالم جاسم | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. خەلیل مصطفی عوسمان | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. شاری خالید | زانکۆی سۆران |
| د. ازاد سالم محمد | زانکۆی دهۆك |
| م. ی  ئامانج نەجمەدین عبدالغفور | زانکۆی سەلاحەددین |
| سامي سالم محمد | زانکۆی دهۆك |

# لیژنەی زانستی


| | |
|---|---|
| پ. د. محمد احسان | کۆلیژی شاهنشاهی\ لەندنی |
| پ. د. مارتن فان برونسن | زانکۆی نیشتیمانی- سنگافورە |
| پ. د. عبدالفتاح بۆتانی | ئەکادیمیای کوردی |
| پ. د. ئیسماعیل قمندار | زانکۆی پاریس جۆسیو- فرنسا |
| پ. د. ئەنطونیو جیرونیمو باریوس | کوستاریکا |
| پ.د. شریفە کلاع | زانکۆی جەزائیر -3 جزائیر |
| پ. د. دیاری صالح مجید | زانکۆی موستەنصریە |
| پ. د. قادر محمد حسن | زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر |
| پ. د. صلاح محمد سلیم | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. مها حسن بکر | زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر |
| پ. د. ناز بدرخان سندی | زانکۆی بەغداد |
| پ. د. صباح عباس جاسم | زانکۆی بوکیکنگهام- لندن |
| پ. د. محمد صبری صالح | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. حسین عبد عیسی | زانکۆی سلێمانی |
| پ. د. مارینا چافۆنتاکی | زانکۆی لینکۆڵن- ئینگلترا |
| پ. د. ساڵح ئاکین | زانکۆی ڕوان نۆرمەندی - فەڕەنسا |
| پ. د. ساشا بورژوا ژێرۆندە | زانکۆی پاریس پانتیۆن |
| پ. د. هادی ئومێد فەیلی | زانکۆی ئەمریکی نیودەوڵەتی لە لەندەن |
| پ. د. محمود محمد زاید | زانکۆی ئەزهەر- قاهرە |
| پ. د. دانێلا ئیریرا | زانکۆی کاتانیا- ئیتالیا |
| پ. ی. د. دایان کینگ | زانکۆی کینتاکی |
| پ. ی. د. بەهار بصیر | زانکۆی دوورهایم |
| پ. ی. د. مارکۆ ئەتیلا هۆو | کۆلیژی سەراییبۆ بۆ زانست و تەکنەلۆجیا |
| پ. ی. د. پادریس موسلمزادە تهرانی | زانکۆی مالایا- مالیزیا |
| پ. ی. د. شاخەوان عبدالله دەلۆ | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. هەژار ڕەحیمی | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. حەبیب ئیبراهیم | زانکۆی روربوخۆم- ئەڵمانیا |

# پێشەکی

جینۆساید بە دایکی تاوانەکان هەژمار کراوە. تاوانێکە ڕووبەڕووی گروپە مرۆییەکان دەبێتەوە، بە هۆکاری جیاوازەوە لەڕووی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی یا ئاینییەوە. کەم نین ئەو تاوانانەی لە مێژوودا دژ بە گروپە جیاوازە مرۆییەکان ئەنجام دراون، لە ئاکامیشدا کاریگەری لەسەر چارەنووس و بونیادی کولتوری و بایۆلۆژی و ژینگە و ژیان و ئاکاری بەئامانجگیراوان بەجێ هێشتووە.

گەلی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین گەلانی سەر ڕووی زەمین، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژوودا لەسەر خاکی دێرینی کوردستان جێگیربووە و ژیاوە، گەلێکی دەوڵەمەندە لەڕووی فرە کولتوری و ئاینییەوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە لکێندرا، گەلی کوردستان لەم بەشە ڕووبەڕووی چەندین تاوانی دژە مرۆیی بووەتەوە کە بە پێی پێوەرەکانی یاسا گەردوونییەکان بەتاوان هەژماردەکرێن، وەك: تاوانەکانی جەنگ، ڕاگواستن، دوژمنکاری، تاوانەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و تاوانی جینۆساید، تاد.

یەکێك لەو تاوانانە جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی بوو، کە بەچەندین قۆناغی جیاواز ئەنجامدرا، تا بۆ دواجار لە سەر دەستی بەعسییەکان، بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و بە شێوەیەکی سیستماتیک، برا فەیلییەکانمان لەسەر ماڵ وحاڵی خۆیان دەرکران، ڕەگەزنامەیان لێ سەندرایەوە، بۆ سەر سنووری ئێران و لەخراپترین بارودۆخدا دەرکران و 22 هەزار لاوی کوردی فەیلی تاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنکراون، 14 شار وشاروچکەی ناوچەکانی کوردی فەیلی خاپورکران وناوچەکانیان تەعریب کران، ماڵ وموڵکیان دەستی بەسەردا گیرا و کۆڵەگەی خێزانییان هەڵوەشێندرایەوە.

بەشێکی زۆری ئەم تاوانانە لە پایتەختی عیراق، لەبەرچاوی کۆمەڵگەی عێراقی، هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ئەنجامدرا. سەرەڕای تێپەڕبوونی 43 ساڵ بەسەر کۆتا قۆناغی ئەم جینۆسایدە، بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی زۆر لە ڕزگاربووان، بێ ڕەگەزنامە ماونەتەوە وماڵ وموڵکیان بۆ نەگەڕێندراوەتەوە، تا ئێستاش بە هەزارانیان دەربەدەری وڵاتانن ولە ئاوارەییدا دەژین، هێشتا چارەنووسی زیاتر لە بیست هەزار کەسی بێ سەروشوێنکراو بە نادیاری ماوەتەوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەم تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بە جینۆساید ناسێندرا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە داوای لێبووردنییان لێکراوە، نە قەرەبووی مادی ومەعنەوی کراونەتەوە و نە ماڵ و موڵکیان بۆ گەڕێندراوەتەوە.

بەپێی تێڕوانینی ئەکادیمی وبەپێی بوارە زانستییە جیاجیاکان، لەلایەن کەسانی پسۆڕەوە، ئەم تاوانە بەشێوەی تاکەکەسی خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە و شڕۆڤەکردن و لێکدانەوە، ئەمەش بە سەرەتایەکی گرنگ ودروست دەزانین بۆ دامەزراندنی بواری زانستی جینۆسایدناسی لەکوردستاندا، کوردستانێک کە لەلایەن بەشێک لە جینۆسایدناسان بە مەڵبەندی جینۆساید هەژمار کراوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە پرۆژەی ئەنجامدانی ئەم کۆنفراسە لەمیانەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی

مێژوویی وئەخلاقیی و زانستییەوە هەڵقوڵاوە، لە ژێر دروشمی (دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری)، ئەم کۆنفرانسە بە میتۆدی زانستی کار بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە دەکات، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تاوانە ترسناکانە لەبیرنەکرێن وبەوردی هۆکار وپاڵنەر وکاریگەرییەکانی بزانرێت و هەوڵبدرێت بە شێوەیەکی زانستی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو لەلایەك قوربانییەکان قەرەبووبکرێنەوە وتاوانباران سزا بدرێن و لەلایەکی ترەوە چیتر ئەم جۆرە تاوانانە دووبارەنەبنەوە و ڕوونەدەن.

کاتێك ئەم پرۆژەیە کەوتە بەر دیدی سەرۆکی هێژا (مەسعود بارزانی)، بەو پەڕی پەرۆشییەوە بە پیرییەوە هات وپشتیوانیی خۆی بۆ دەربڕی و بووە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنمان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە هاوبەشەی هەر سێ زانکۆی؛ (سەلاحەدین، دهۆك و سۆران) و بە هاوکاری چەندین زانکۆ و دامەزراوەی زانستی دیکە.

بۆئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، پەیوەندیمان بە سەدان توێژەر و بیرمەند و کەسانی پسپۆرکرد، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی کاریان لەسەر جینۆساید کردوە، لەئەنجامدا لەناو سەدان بابەتی پێشکەشکراو لەلایەن کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان و بواری جینۆساید لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتیدا، (109) بابەتی زانستی لەلایەن لێژنەی زانستی کۆنفرانسەوە ڕەزامەندی بەشداریکردنیان پێدرا، دەیانیتر بەهۆکاری جیاجیای وەك: سنوور و کاتی تەرخانکراو بۆ ناردنی بابەتەکان نەتوانرا لەم کۆنفرانسە بەشداربن.

ئەم پرۆژە ئەکادیمییە بە شەونخونی لیژنەی باڵا، لیژنەی ئامادەکاری هاوبەش، لیژنەی زانستی، لیژنەی راوێژکاری وسەرجەم لیژنەکانی دیکە، وپشتیوانی کەسانی خۆبەخش کە ماندوونەناسانە پشتیوانییان کردووین بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە. هیوادارین ئەنجامی ئەم کۆنفرانسە ببێتە هۆی زیندووکردنەوەی پرسی (جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی) وبایەخ پێدانی لە لایەن، لایەنە فەرمی، ئەکادیمی و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێوەدەوڵەتییەکانەوە.

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری

# پێرست


1-ژینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگەی ناوخۆیی لاهای لە کەیسی
(فرانس فان ئانرات)دا توێژینەوەیەکی شڕۆڤەکارانە
**پ. ی. د. عێباد رۆحی ......................................................................... 15**
2-سیاسەتی بە عەرەبکردن لە عێراقدا کوردە فەیلییەکان بە نموونە
**پ. ی. د. ماجد خەلیل فەتاح ................................................................... 29**
3-کاریگەرییەکانی بەنداوی حەمرین لەسەر تێکدانی شوێنەوارەکانی ناوچە فەیلییەکان
**پ. د. نەرمین علی.........................................................................................79**
4-فاکتەر و جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین
**م. ی. هێمن نصرالدین محمد امین - پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر ......................... 115**
5-رۆڵی راگەیاندن لە ناساندنی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکاندا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە
**د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین ............................................................... 145**
6-ئاستی بایەخپێدانی میدیای کوردی بە جینۆسایدی فەیلییەکان لە عێراقدا
(توێژینەوەیەکی مەیدانییە)
**م. ی. دەشتی عەلی ڕەشید - پ. ی. د. یادگار عەلی محەمەد ................................ 173**
7-واقعی ژیانی کوردە فەیلییەکان لە سایەی بەعسدا لە نێوان 1979 - 1991
لێکۆڵینەویەکە لە مێژووی زارەکی
**پ. د. سامان حسێن ئەحمەد .................................................................... 197**
8-ئەدەب وەک بیردانکا گەلان، کارتێکرنا بلیمەتێن کوردێن فەیلی
ل سەر ڕەوشەنبیرییا کوردی
**انتصار نجیب جوقی - نفل صالح اسلام ......................................................... 233**
9-ڕۆمانا (بەندەر فەیلی) وەکو نموونە
**م. شمال خمو خضر ..................................................................................... 303**
10-سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی رژێمی عێراق لەجینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی
**د. شیلان یاسین خضر ................................................................................ 335**
11-ژیان دوای جینۆساید: توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە لەبارەی کوردانی فەیلی
**خەلیل سەلیم ........................................................................................ 363**
12-ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جینۆساید لە فیلمی دۆکیومێنتاری کوردیدا
(جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بە نموونە)
**پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر ...................................................................... 383**

13-ڕۆڵی دادگای نیشتیمانی لە بەدیهێنانی دادپەروەری لە جینۆسایدی کوردی فەیلی
**م. سروشت سەربەست قاسم ........................................................................ 397**
14-پێوانەی شڵەژانی لێکترازانی ناسنامە لای کوردانی فەیلی لە هەرێمی کوردستان
**م. هیوا عبدالعزیز جمیل - کاروان کاکەبرا کاکەمەد ........................................................ 417**
15-جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان لە عێراق دا لە نێوان ساڵانی1990-1980
لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی بەراوردکارییە
**م. ی. سۆزان کریم صالح ........................................................................................ 439**
ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان
**(جینۆسایدی کوردی فەیلی) .................................................................................. 469**

# واقعی ژیانی کوردە فەیلییەکان
# لە سایەی بەعسدا لە نێوان 1979 ـ 1991
# لێکۆڵینەویەکە لە مێژووی زارەکی


**پ. د. سامان حسێن ئەحمەد**
**زانکۆی سلێمانی کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت**
**بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان**



**پوختە**

فەیلییەکان، بەهۆی کێشەی ناسنامە و رەگەزنامەوە، هەر لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەولەتی عێراقی هاوچەرخەوە، دوچاوری چەندین کێشە بوونەتەوە، بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق و لە بەشی هەرەزۆری حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا گرفتیان بۆ هاتۆتە پێش،لەوانەش پەراوێزخستن وەکو هاوڵاتی و زیندانی کردن و وڵاتبەدەرکردن و پەرش و بڵاوەکردن و راگواستن وچەندینی تر، ئەم کارەساتانەش لە سەردەمی بەعسدا بە تایبەتیش لە سەردەمی سەدام حسێن گەیشتوونەتە لوتکە لە ماوەی ساڵانی 1979 - 1991 دا، لە سەر ماڵ و موڵک و ژیانی خۆیان دەرکراون و رێژەیەکی زۆریان دوچاری زیندانی کردن و لە سێدارەدان و بێسەر و شوێن کردن بوونەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەوڵی گێڕانەوەی واقیعی دۆخ و ژیانی کوردە فەیلییەکان لەو ماوەیەدا، ئەویش لە رێگای چاوپێکەوتنی زارەکییەوە لە گەڵ نموونەیەکی کەم لەو کوردە فەیلییانە،کە بۆ خۆیان لە ناو کارەساتەکەدا ژیاون و بەچاوی خۆیان بینیویانە و بەسەریاندا هاتووە، هاوکات بەشێک لەوانەی کە بۆیان گێڕدراوەتەوە. توێژینەوەکە لە سەرەتادا باسێکی زۆر کورتی لەبارەی کوردە فەیلییەکانەوە کردووە و دواتر بەخێرایی ئەو سیاسەتەی گێڕاوەتەوە، کە بە درێژاییی تەمەنی حکومەتی عێراقی بەرامبەر بەوان بەکاری هێناوە تا گەیشتۆتە ساڵی 1979، لەوەش بەدواوە توێژینەوەکە چۆتە سەر گێڕانەوەی رووداوەکانی کارەساتەکە لە زاری شایەتحاڵان و زیانلێکەوتوانی سەردمەکە و بەسەرەتای کارەساتەکە دەستی پێکردووە و جۆرەکانی سیاسەتەکەی گێڕاوەتەوە،لە وڵاتبەدەرکردن و زیندانیکردن و لە سێدارەدان و کوشتوبڕ و سوکایەتی پێکردن هاوکات وردەکاری ئەو دۆخە نەخوازراوەی بەسەریاندا هێنراوە گێڕدراوەتەوە، دواتریش باسی دۆخی ئەوان لە ئێران کراوە، لە باسی دوای ئەوەشدا باسی ئەو واقیعە کراوە کە دوای رووخانی سیستەمی بەعسی و دامەزراندنی عێراقی نوێ رووبەرووی بۆنەتەوە، لە کۆتا باسیشدا کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەو سیاسەتە لەسەر ژیانی ئەوان لە زاری خۆیانەوە باسکراوە.

## پێشەکی

فەیلییەکان، بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق و لە بەشی هەرە زۆری حکومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا دوچاری کێشە بوونەتەوەو لە نێویاندا رووبەڕووی، پەراوێزخستن وەکو هاوڵاتی و زیندانی کردن و وڵاتبەدەرکردن و راگواستن بوونەتەوە، کە لە سەردەمی بەعسدا بە تایبەتیش لە سەردەمی سەدام حسێندا گەیشتۆتە لوتکە و لە ماوەی ساڵانی 1979 - 1991 دا ئەم کوردانە رووبەڕووی پرۆسەی قڕکردن بوونەتەوە، لە سەر ماڵ و موڵک و ژیانی خۆیان دەرکراون و رێژەیەکی زۆریان دوچاری زیندانیکردن و لە سێدارەدان و بێسەروشوێن کردن بوونەتەوە.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە، کە تا ئێستا کێشەی کوردە فەیلییەکان تەنها وەکو ژمارە باسکراوە وکاری لەسەر کراوە، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە بارەی ئەو ئازار ونەهامەتییانەوە ئەنجام نەدراوە، کە تەنها لە سینە و یادەوەری ئەو کەسانەدان بۆ خۆیان بەشێک بوون لە واقیعەکە، هەر بۆیە ئەم توێژنەوەیە، هەوڵ دەدات لە زاری خودی ئەو کەسانەوە،کە خۆیان بەشێک بوون لە پرۆسەکە و رووبەڕووی کارەسات و ئازار و ئەشکەنجەکانی ئەو سیاسەتەی بەعس بوونەتەوە، زانیارییەکان تۆمار بکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت زۆرترین لایەنەکانی واقیعەکە وەکو خۆی بگاتە بەردەست و تۆماربکرێت و لە دواجاردا ببن بە بەشێک لە بەڵگەنامەی مێژوویی، کە دواجار دەبن بە کەرەستەیەکی مێژوویی لەم بارەیەوە، جگە لە بەهاکەی بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەم توێژە، هاوکات سوودی دەبێت بۆ ناساندنی کێشەکە بە لایەنی پەیوەندیدار هەروەها ئەو لایەن و رێکخراوانەی کار لە سەر ناساندنی پرۆسەکە دەکەن بە ناوخۆیی و جیهانی دەرەوە، هاوکات گرینگە بۆ ئەو رێکخراوانەی،کە تایبەتن بە کوردە فەیلییەکان و ئەو پارتە کوردییانەی کە خۆیان بە بەرگریکار لە پرسەکە دەزانن، هەروەها بۆ حکومەتی هەرێمیش بەسودە تاکو بتوانێت لە رێگای زانیارییەکانی نێو توێژینەوەکەوە باشتر و روونتر واقیعەکان بخاتە بەردەست لایەنەکانی دەرەوە.

ئامانج لەئەنجامدانی ئەم بابەتە ئەوەیە،کە لە ریگای کۆکردنەوەی ئەو زانیارییە زارەکیانەوە بگەینە وەڵامی ئەو پرسیارانەی، ئایا پرۆسەکە چۆن سەری هەڵداوەو تا کەی بەردەوام بووە ؟ئەو رەفتارە نامرۆییانەی کە لەم پرۆسەیەدا بەکار هاتوون کامانە بوون؟ ئەو کوردانە چ نەهامەتییەکیان چێشتووە لە کۆی پرۆسەکەدا؟ تا چەند دەستدرێژی کراوەتە سەر کەرامەت و مرۆڤایەتییان تا چەن بە شێوەی راسیستی و لە چوارچێوەی جینۆسایدا کارەکان ئەنجام دراون؟ لە دواجاریشدا ئەم پرۆسەیە چ کاریگەرییەکی مێژوویی، کۆمەلایەتی، کەلتووری، دەروونی لە سەر کوردە فەیلییەکان بەجێ هێشتووە؟ هاوکات ئامانجی سەرەکیشـمان بە دێکۆمێنت کردنی ئەو زانیارییانەیە کە لە هیچ بەڵگە و نووسراوێکدا تۆمار نەکراون و تەنها لە یادەوەری ئەو کەسانەدا هەن،کە خۆیان لە نێو رووداوەکەدا بوون، ئەگەر کار لە سەر تۆمار کردنیان نەکرێت، لە ئایندەدا لە نێو دەچن.

مێتۆدی توێژینەوەکە، بریتییە لە میتۆدی مێژوویی زارەکی،کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆکردنەوەی گێڕانەوە زارەکییەکان لە زاری ئەو گێڕەرەوانەدا،کە خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نێو واقعەکەدا بوون، دواتر کارکردن لە سەر شیکردنەوەو داڕشتنەوەو رێکخستنیان و بەراورد کردنی گێڕانەوەکان لە رێگای میتۆدی گێڕانەوەی شیکاریانەوە.

گرفت و بەربەستی ئەم توێژینەوەیە زۆربوون، کە سەرەکیترینیان کەمی کات بووە، لەبەر ئەوەی

ئەم توێژینەوەیە کاری لە سەر چاوپێکەوتن دەکرد و کوردە فەیلییەکانیش،لە لایەن حکومەتی بەعسەوە هەروەکوو ئاردی نێو دڕکیان لێکراوە هەر بەشێکیان لە شوێنێکن، بۆیە پێڕانەگەیشتن، کە لە هەموو شوێنەکان نموونەی پێویست بە دەست بهێنین بۆ چاوپێکەوتن، چونکە پێویستی بە گەڕان و گەشت دەکرد، کە کاتەکە بەشی ئەوەی نەدەکرد، هاوکات کێشەی ترمان هەبوو، ئەوە بوو کە بەشێکی زۆریان هێندە بێ ئومێد بوون و هێندە کارەساتەکەیان گەورە بووە، ئامادەی چاوپێکەوتن و درکاندنی زانیارییەکان نەبوون، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش ئێمە بە پێی کات و کارایی و توانای خۆمان، هەوڵماندا‌وە نموونەمان لە بەشی هەرە زۆری جۆرەکانی قوربانی دەست بکەوێت، لەوانە وڵاتبەدەرکراوەکان، زیندانی کراوەکان، ئەوانەی کەس و کاریان بێ سەروشوێنە و لە سێدراره دراون، ئەوانەی کە ئەوکات لە ناو دۆخەکەدا بوون و لە نزیکەوە ئاگاداری واقیعەکە بوون، هەروەها ئەوانەی مابوونەوەو سیاسەتی بەعس بەردەوام بوو لە تەریکخستنیان و چاودێرکردنیان و تەنگ پێ هەڵچنینیان و لە زۆربەی شوێنەکان، لە سلێمانی، هەولێر، بەغدا و هەندەران.

توێژینەوەکە بە دەروازەیەکی تیۆری بۆ ناساندنی کوردی فەیلی دەستی پێکردووە، دواتر چووەتە نێو سیاسەتی بەعس بەرامبەر کوردە فەیلییەکان لە نێوان ساڵانی 1980 - 1991 و لەوێدا پێ بە پێ تا لێکەوتەکانی پرۆسەکە بابەتاکان گێڕدراونەتەوە.

هەرچەندە بابەتەکەی ئێمە لە بارەی سەردەمی بەعسەوەیەو سەردەمی بەعسیش هەر لە ساڵی 1963ەوە و یەکەم کوودەتایان لە عێراق دەست پێدەکات و دواتر لە دوای 1968 بە تەواوی دەسەڵات دەگرنە دەست تا 2003، بەڵام ئێمە زیاتر کارمان لە سەر ماوەی نێوان 1979 - 1991 کردووە، ئەویش لە لایەک لە بەر زۆری بابەتەکە کە نەدەکرا لە لێکۆڵینەوەیەکدا هەمووی لە خۆ بگرێت، هاوکات لەبەر ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە زارەکییەو پشت بەو کەسانە دەبەستێت کە لە نێو واقیعەکەدا بوون و ئێستا لە ژیاندا ماون، بۆیە لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانەی ساڵەکانی پێشتر رووبە رووی ئەو سیاسەتە بوونەتەوە لە ژیاندا نەماون، هاوکات لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانەی کە لە ساڵەکانی پێشتردا دەرکراون رەگەزنامەی ئێرانیان پێدراوە و نەگەڕاونەتەوە بۆ عێراق و بەشێکی زۆریشیان ئێستا لە ئێران و وڵاتانی ئەوروپا دەژین، کە دەکرێت ئەوانیش ببن بە بابەتی توێژینەوەی ئاکادێمی دیکە.

لەم توێژینەوەدا تەنها بۆ دەروازەی ناساندنی کوردە فەیلییەکاندا و لە هەندێ شوێنیتردا سەرچاوەی نووسراو بەکار هاتووە، ئەوانیتر بە شێوەی گشتی پشت بە چاوپێکەوتن بەستراوە کە سەرجەمیان لە لیستی سەرچاوەکاندا ریزبەند کراون.

## سەرەتایەک دەربارەی کوردە فەیلییەکان

کوردە فەیلییەکان[1] بەشێکی گرینگ لە نەتەوەی کورد پێک دەهێنن کە لە رووی بنچینەی مێژووییەوە دەچنەوە سەر ئەو بەشەی کورد کە بە لوڕ یان لوڕستانی رەسەن ناسراون (صالح، 2014: 10)، کوردە فەیلییەکان خاوەن مێژوویەکی دێرینن لە ناوچەکەدا و هەندێک لە توێژەران بنەچەیان دەبەنەوە سەر لۆلۆیی و کاشی و گۆتی و ئیلامییەکان، کە ئەمانە گەلانی رەسەنی ناوچەکەن، باوانی ئەمان بە درێژایی مێژووی دێرینی میدییەکان و ئەشاکنییەکان و ساسانییەکان، رۆڵی کاریگەریان هەبووە لە سەر شانۆی

سیاسی ناوچەکە،دواتریش لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا، چەند میرنشینێکی دیار لە ناوچەکانی لوڕستان دەرکەوتوون. تەنانەت لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخیشدا خاوەن قەراوە و دەسەڵاتی خۆیان بوون لە ناوچەکانی لوڕستان[2]. سەبارەت بە ناوچەکانی عێراق، ئەوا هەرچەندە بەشێکی فەیلییەکان لە سنووری دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بوون، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەمیشەو بە درێژایی مێژوو ئەمان بەشێکی دانبەڕوابوون لە بونیادی شارستانی و تیکەڵەیی مرۆیی دانیشتوانی عێراق و ئەوان لە مێژوودا بەشێکی گرنگ بوون لە پێکهاتەی ڕەسەنی دانیشتوانی شاری بەغدا و نەهاوەند و حەلوان و شارەکانی حەوزی دیجلە وەکوو بەدرەو زڕباتییە و علی غەربی و باغیشا (جون،014 2: 10 بە دواوە). فەیلییەکان بە پێی ڕێکەوتننامەی نێوان عێراق و ئێران لە سەر سنوور دابەش بوون بە سەر دوو وڵاتدا کە زیاتر لە دیوی ئێران باکووری پارێزگای ئیلام و باشووری پارێزگای کرماشان دەگرێتەوە، سەبارەت بە گرنگترین ناوچەکانیشیان لە عێراق دەکەونە ڕۆژهەڵاتی شاری بەغدا لە باقووبە، شارەبان، قەزلەڕەبات، سەعدیە، جەلەولا، خانەقین، مەندەلی، نەفتخانە، قەزائیە، بەدرە،جەسان،حەی وعلی غەرەبی (صالح، 2014: 18). بە شێوەیەکی گشتی فەیلییەکان لە چەند هۆزێکی سەرەکی پێکدێن کە بریتین لە (کەلهوڕ، مەڵەکشایی، عەلی شیروانی، کورەدەلی، ئەرکەوازی، خەزل، مالیمان، موسی،هینی و مینی، دێوالا، زەند و بەولی کە هەریەک لەمانیش لە چەند خێڵێک پێکهاتوون[3]. سەبارەت بە ئاینی فەیلییەکان ئەوا زۆربەی هەرە زۆریان سەر بە ئاینزای شیعەن لە ئاینی ئیسلام، کە لە هەردوو دیوی ئێران و عێراق لە سەر هەمان ئاینزان (صالح، 2014: 15).

### ـ کێشەی کوردە فەیلییەکان لە عێراق

لە راستییدا کێشەی کوردە فەیلییەکان لە عێراق هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەست پێدەکات و بە درێژایی مێژووی ئەم دەوڵەتە و لە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا دەبێتە کێشەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامی دەبێت و دواجار دەبێتە یەکێک لە کارتەکانی فشار خستنەسەر دەوڵەتی ئێرانی و هاوکات کێشە دروستکردن بۆ بزاڤی رزگاریخوزی کورد لە عێراق.

کێشەی فەیلییەکان زیاتر لە دوای دەرچوونی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی بە ژمارە (24) لە ساڵی 1924 دەستی پێکردووە،کە لەم یاسایەدا هاتبوو ئەو کەسانەی مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقییان هەیە لە جۆری (A) ئەو کەسانە دەبن،کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عوسمانین واتە (تەبەعی عوسمانی) شوێنکەوتوانی عوسمانین، بەڵام ئەوانی ئەم ڕەگەزنامەیەیان نییە،ئەوا بە (تەبەعی ئێرانی) شوینکەوتەی ئێران لە قەڵەم دەدرێن و تەنها مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی جۆری (B)یان هەیە، بەمەش ئەمان عێراقی ڕەسەن نین، بە پێی ئەم یاسایەش زۆربەی فەیلییەکان بوون بە تەبەعەی ئێرانی، لەبەر ئەوەی فەیلییەکان ڕەگەزنامەی عوسمانیان نەبوو، ئەویش زیاتر بۆ ئەوەی خزمەتی سەربازی لە دەوڵەتی عوسمانی نەکەن، ڕەگەزنامەی عوسمانیان نەویستووە، هەربۆیە زۆربەیان لە ڕێگای کونسوڵخانەکانی ئێرانەوە هەوڵییان داوە ڕەگەزنامەی ئێرانی دەربهێنن، کە ئەمەش لە دوای دەرچوونی ئەم یاسایەوە، ئیدی بوو بە سەرچاوەی کێشە بۆ ئەوان، لێرەوە ئیدی فەیلییەکان لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بوون و عێراقی ڕەسەن بوون، کەچی

له مافی وەرگرتنی رەگەزنامەی عێراقی بێ بەشکران لە سەر پێوەری نەبوونی رەگەزنامەی عوسمانی، کە عوسمانییەکان خۆیان داگیرکەری ناوچەکە بوون(کاظم، 2022:7؛ صالح،2014: 32 بەدواوە).

دوای ئەوەی رێکەوتننامەی قەسری شیرین بۆ دیاریکردنی سنوور، کە لە ساڵی 1929 لە نێوان عیراق و ئێران مۆرکرا، ئیدی بە فەرمی ناوچە سنوورییەکان دابەشکران و تەنانەت کوردە فەیلییەکان لە رووی هاوڵاتیبوونیشەوە دابەش بوون بە سەر عێراق و ئێراندا، لێرەش بەدواوە حکومەتی عیراق سیاسەتێکی تایبەتی بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان بەکار هێنا،ئیدی لە تەواوی مێژووی خۆیدا، حکومەتەکانی عێراق تەنانەت لە سەرژمێرییەکانیشدا هەمیشە دەستەڵات هەوڵی دەدا ئامارێکی فەرمی و بێخەوش لەو ناوچانە ئەنجام نەدرێت،کە کوردی فەیلییان تێدایە هەروەها هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە سیاسەتی راگواستن و وڵاتبەدەرکردن لە بەرامبەرییان ئەنجامدرا،ئەوە بوو لە سەردەمی حکومەتی (یاسین هاشمی) (1884 - 1937) دا لە ساڵی 1936 ژمارەیەک فەیلی بۆ ئێران راگوێزران و دواتریش لە سەردەمی (رەشید عالی گەیلانی)(1892 - 1965) لە ساڵی 1914دا ژمارەیەک خێزانی فەیلی بە زۆرەملێ بۆ ناوچەکانیتر و ناوچەکانی دەرەوەی عیراق راگوێزران، بە تایبەت ئەو شوێنانەی، کە زۆرینە کوردی فەیلی بوون و لە شوێنی ئەوان عەرەبی بۆ هاوردە کرا. هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەشدا بوو لە ساڵی 1943 یاسای ژمارە (69) دەرکرا،کە تیایدا هاتووە نابێت هیچ کەسێک ببێتە ئەندام لە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پێران ئەگەر هاتوو رەگەزنامەی عێراقی نەبێت(صالح،2014: 34 بەدواوە) .

## سەردەمی بەعس

لە سەردەمی کوودەتاکەی عەبدولکەریم قاسمدا لە ساڵی 1958 تا ڕادەیەک دۆخی کوردە فەیلییەکان جێگیربوو، تا ئەو کاتەی بەعسییەکان[4]کودەتای یەکەمیان لە 8ی شوباتی 1963دا ئەنجام دا.هەرچەندە لەو ماوەیەدا نەیانتوانی درێژە بە هەژموونی خۆیان بدەن لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف(1963 - 1966) و عەبدولرەحمانی (1966 - 1968)برایدا،بەڵام دواتر و دوای ئەوەی هێدی هێدی دەستەڵات لە نێو پارتەکەدا کەوتە دەستی سەدام حسێن ولایەنگرەکانی لە 1968 کودەتایان ئەنجامدا ودەستەڵاتی عێراق کەوتە دەستی ئەوان ( دیب،2013: 97 - 99)، راستییەکەی لە سەردەمی بەعسدا کوردە فەیلییەکان ڕووبەڕووی رۆژگاری سەخت و دژوار بوونەوە، ئەوە بوو هەر لە ساڵی 1963دا یاسای ژ (43) ی رەگەزنامەی عێراقی لە دژی فەیلییەکان دەرکرا، کە لەم یاسایەدا رێگا درا بە وەزیری ناوخۆ بێ گەڕانەوە بۆ دادگا مافی وەرگرتنەوەی رەگەزنامەی عێراقی هەبێت، ئەویش بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی وڵات، هاوکات جەختیان لەوە کردەوە،کە رەگەزنامەی عێراقی بناغەی هاوڵاتیبوون و مەرجی دامەزراندن و کار و خوێندنە، کە دواتر عبدالرحمان عارفیش لە دوای ئەوەی عبدالسلام عارفی برای مرد و هاتە سەر حوکم، درێژەی بە هەمان سیاسەتی عبدالسلام عارف دا لە دژی کوردە فەیلییەکان .

لە دوای کودەتای دووەمی بەعسییەکان لە 17ی تەمووزی 1968،کە ئەحمەد حەسەن بەکر[5] بوو بە سەرۆکی کۆمار و سەدام حسێن[6] بو بە جێگری ئەمینداری گشتی پارت وجێگری سەرۆکی کۆمار، بەڵام هەر لەو کاتەشدا سەدام حسێن دەسەڵاتی تەواوی هەبوو وبەکر وەکو یارییەک وا بوو بەدەستییەوە تا لە 1976 دا بوو بە کەسی یەکەم لە عێراق(دیب،2013: 105)، لەو ماوەیەش بەدواوە بەعسییەکان لە

سەر بنەمای ڕاگواستن و بە عەرەبکردن و بەبەعسکردن، دەستیان دایە سیاسەتێکی توندووتیژ بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان، کە هەر لە سەرەتاوە دەستیان کرد بە بێ بەشکردنیان لە چەندین مافی هاوڵاتیبوون، لەوانەش خوێندن لە زانکۆ، هەروەها هەوڵیان دەدا ناوی بازرگانە کوردە فەیلییەکان لە ژووری بازرگانی عێراقی دەربهێنن و بەربەست بۆ کارەکانیان دروست بکەن، ئەمە جگە لەوەی کە هەر لەو ماوەیەدا لە ساڵی 1969دا نزیکەی (200) خێزانی فەیلی بە زۆرەملی بەرەو ئێران وڵاتبەدەر کران(صالح،2014 :54).

ئەو سیاسەتەی حکومەتی بەعس هەر بەردوام بوو، تەنانەت لە کاتی ڕاگەیاندنی بەیانی 11ی ئاداری 1970 یشدا هەر ئامادە نەبوون دان بە مافی کوردە فەیلییەکاندا بنێن، ئەوە بوو لە ماوەی نیوان 1971 - 1972 بە پاساوی ئێرانیبوونیان دەستیاندایە شاڵاوێکی بەرفراوانی وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکان، ئەم سیاسەتەش هەر بەردەوامی هەبوو و بەردەوامبوون لە سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو شارانەی زۆرینە کوردی فەیلی بوون، ئەویش بە سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن. بە گشتی لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکردا و بە تایبەتی لە ساڵی 1970دا نزیکەی 1200 خێزانی کوردی فەیلی وڵاتبەدەر کران (عەزیز ومحەمەد ئەمین،2017: 137)، کە زیاتر لە دوای بەیانی 11ی ئادار و تێکچوونی نێوان عێراق و ئێران، دەیویست وەکوو کارتی فشار بەکاری بهێنێت و لە بەرژەوەندییەکانی ئێرانی پێ بدات (جون، 2014: 149).

## دۆخی فەیلییەکان لە سەردەمی حوکمڕانی سەدام حسێندا

لە 16 ی تەمموزی 1979دا بە بیانووی نەخۆشی ئەحمەد حەسەن بەکر دەستی لە پۆستەکەی بەردا و سەدام حسێن لە شوینی ئەو سوێندی یاسایی خوار (تەقوش، 2021: 442)، بەمەش سەدام حسێن بوو بە کەسی یەکەمی عێراق. لە ڕاستییدا دۆخی کورد بە گشتی و بە تایبەتیش کوردە فەیلییەکان لە سەردەمی حوکمڕانی سەدام حسێندا گەیشتەی لوتکەی خراپی، لەم سەردەمەدا کوردە فەیلییەکان دووچاری مامەڵەی توند و سیاسەتی قەڵاچۆکردنی حکومەتی بەعس بوونەوە، بە ڕادیەک بە درێژایی دەیەی هەشتاکان، کوردە فەیلییەکان دوچاری گرتن و کوشتن و ڕاوەدوونان و زیندانی و قەڵاچۆکردن و وڵاتبەدەرکردن دەبوونەوە، لەم ماوەیەدا زیاتر لە 20 هەزار خێزانی کوردی فەیلی وڵاتبەدەرکران و زیاتر لە 17 هەزار گەنج دەستبەسەرکران و زۆربەی هەر زۆریان لە سێدارە دران، یان بە جۆرێکیتری وەک تاقیکردنەوەی گازی کیمیاوی لە سەریان یان پاککردنەوەی ڕێگای مینڕێژەکانی نێوان ئێران و عێراق، لە نێوبران (جون، 2014: 147).

حکومەتی بەعس دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی 1979 و سەرەتای ساڵی 1980 نێوانی لەگەڵ ئێران تێکچوو، ئیدی بە دوای پاساوێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی کوردە فەیلییەکان قڕ بکات. ئەوە بوو لەو کاتەدا ڕووداوێکی قۆستەوە، ئەویش ڕووداوی تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنصریە بوو،،کە کەسێکی تێدا تۆمەتبارکرا بە ڕەچەڵەک فەیلی بوو بە ناوی (سەمیر غوڵام)، ئیدی حکوومەتی بەعس ئەوەی کردە بیانووی وڵاتبەدەرکردنی فەیلییەکان بەو پاساوەی ئەوان کار بۆ ئێران دەکەن (صالح، 2014: 66 ؛ فیلی، چاوپێکەوتن: 2023)، لە کاتێکدا کە تەواوی فەیلییەکان پەیوەندی ئەو کوڕە بەو ڕووداوەوە و پەیوەندی فەیلییەکان بەو کارەوە ڕەت دەکەنەوە وپێیان وایە تەنها سینارۆییەک بووە بۆ مەبەستی قڕکردنی فەیلییەکان .لە

بارەی ئەم ڕووداوەوە سەبریە احمد محمد کە بەڕەچەڵەک فەیلییە و لە بەغدا بووە لەو کاتە و ناسیاوی ماڵی ئەو سەمیرەیە،بۆی گێڕامەوە و گوتی ئەم ڕووداوە پەیوەندی بە فەیلییەکانەوە نەبووە، تەنها ئەو کوڕە فەیلی بووە و ئەوان ویستوویانە لەو ڕێگایەوە فەیلییەکان تێوەگلێنن،ئەو دەڵێت ئەوان ماڵیان لەگەڕەکی جەمیلە بووە لە شەقامی فەلەستین، لەو ماوەیەدا لەو ناوچەیە هەر گەنجێک ناوی سەمیر بوو دەستگیرکرا، دواتر کە سەمیریان دەست نەکەوت برایەکی هەبوو ناوی نەمیر بوو، کە کەسێکی زۆر بێوەی بوو و هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوەکەوە نەبوو، بردیان و کوشتیان (2023، چاوپێکەوتن)، مزەفەر محەمەد حسێن محەمەدیش کە ئەوکات لە ڕووداوەکە نزیک بووە، لە بارەی ئەم ڕووداوەوە دەڵێت: من هاوڕێیەکم لەو نزیکانە نووسینگەی هەبوو ئێمەش لە بەردەم نووسینگەکەی ڕاوەستابووین لەو کاتەدا کچێک بە هەڵاتن هات و باوکی لەگەڵ ئێمەدا وەستابوو گوتی باوکە ئێستا کەسێک لە ناو ئۆتۆمبێلێکەوە بۆمبێکی فڕیدا و هەڵات ئیدی دوای ئەوە کرا بە ڕووداوی سەمیر غولام، ئەو دەڵێت ئەوە تەنها بیانوویەک بوو بۆ تێوەگلاندنی فەیلییەکان و من بۆخۆم ڕۆژێک بۆ کێشەی برادەرێکم چووبووم بۆ لای ئەفسەرێک لە مەرکەز لەوێ ئەفسەرەکە لە گەڵ یەکێکدا قسەی دەکرد، کە بە گەورەم ناوی دەهێنا،گوێم لێبوو دەیگووت ئەوە لە بنەماڵەیەکی تەبەعین لەوەوە من تێگەیشتم ئەو ڕووداوە تەڵەیە بۆ کوردە فەیلییەکان و هاتیشمەوە بە باوکم گوت ئەو ڕووداوە تەنها بۆ ئەوەیە کە ئێمە تێوەگلێین، ئیدی لە دوای ئەوەوە دۆخی ئێمە بە تەواوی تێکچوو، دۆخێکی مەترسیدارمان بەسەردا هات (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی)، هەر لەو بارەیەوە، قاسم خەنجەر دەڵێت: تەنها سیناریۆ بوو، خێزانەکەی خۆی دەڵێن ئەو هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبووە، تەنها ئەوە بوو ئەو ناوی لە زانکۆ بوو، ئیتر لەبەر ئەوەی فەیلی بوو تێوەیان گلاند، بۆئەوەی وەکو بیانوویەک بەکاری بهێنن دژی کوردە فەیلییەکان (2023: چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی). هاوکات مالک علی عزیز مرادیش لە باری ڕووداوی سەمیر غولامەوە دەڵێت: تەنها بیانوویەک بوو(2023: چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی).

بە گشتی لە دوای ئەو ڕووداوەوە ئیدی کوردانی فەیلی ڕووبەڕووی سیاسەتێکی توند و بێ بەزەییانەی حکومەتی بەعس بوونەوە و لە ماوەی سالانی هەشتاکانی سەدەی بیستدا بە هەزاران خێزان لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەندران و دەستیش گیرا بەسەر ماڵ و سامانیان و گەنجانی 15 - 40 ساڵ بە کۆمەڵ کوژران ئەوانی تریش برانە سەر سنور و لەوێ بێ نان و ئاو ڕەوانەی ئێران کران (کاظم،2022 :7)، لەم بارەیەوە مالک عەلی عەزیز کە کوردێکی فەیلییە دەڵێت: ئێمە لە کۆتاییەکانی ساڵی 1979 ڕووبەڕووی سیاسەتی نامرۆڤانە بووینەوە بەو بیانووەی کە ئێرانین ئەو هەرچەندە بۆ خۆی وڵاتبەدەر نەکراوە، بەڵام لە باسی وڵاتبەدەرکردندا دەڵێت: دۆخێکی کارەساتاوی بوو، کە ناتوانرێت گوزارشتی لێ بکرێت، تەنانەت کوردی فەیلی لەبەر مەترسی دەرکردن نەیاندەوێرا لە سەر جادەش دەرکەون (2023: چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی).

ئیسرا محمد حسێن محمد فەیلی کە خۆی ئەندامی یەکێک لەو بنەماڵە بازرگانانە بووە، لە سەرەتای پرۆسەکەدا وڵاتبەدەرکران دەڵێت: لە دوای ئەم ڕووداوەوە ئیدی دۆخی فەیلییەکان بەرەو خراپبوون چوو، ئیدی دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە جارێکیتر وڵات بەدەر (تسفیر)[7] دەکرێین، کوردە فەیلییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە دڵەڕاوکێدا بوون (فەیلی، 2023: چاوپێکەوتن).

سەرەتای پرۆسەکە بە وڵاتبەدەرکردنی کۆمەڵێک بازرگانی کوردی فەیلی دەستی پێکرد، لە مانگی نیسانی 1980 کە نزیکەی 480 بازرگان بوون لە ژووری بازرگانی بەغدا بانگهێشتی کۆبوونەوە کرابوون (صالح، 2014: 66).

لە بارەی ئەم رووداوەوە ئیسرا فەیلی کە باوکی یەکێک بووە لەو بازرگانانە دەڵێت: باوکم و بازرگانە کوردە فەیلییەکان بانگهێشت کرابوون بۆ ژووری بازرگانی بە مەبەستی ئەوەی ناسنامەی ژووری بازرگانیان پێ بدەن، کە دروایسێیەکمان و مامی باوکم و چەندین کەسی تریشی تێدا بوو، لەوێ یەکسەر ئەوانەی کوردی فەیلی بوون بە ناو جیاکرابوونەوەو لە هۆڵێکی تایبەت کۆبوونەوەیان پێکرابوو، دواتر دەستیان کردبوو بە لێپرسینەوەو بەدواداچوون لەگەڵیان سەبارەت بە ناونیشان و ژمارەی خێزان و خزم و کەس و کاریان، کە دەڵێت باوکم لە ناوی خێزانەکەی خۆمان زیاتر ناوی کەسیتری پێ نەگوتبوون، گوتبووی من بە هەتیوی گەورە بووم و کەسم نییە، چونکە باوکی گوتبووی هەستمکردووە کە بابەتەکە وڵاتبەدەرکردنەو پیلانێکە بۆ ئەم مەبەستە، لە بەر ئەوەی ئەو کات دەنگۆیەکی وا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی ئەو پێشتر خوشکێکی وڵاتبەدەر کرابوو، تەنانەت دەڵێت خزمێکی باوکی، کە لەگەڵیان بەشداری کۆبوونەوەکە بووە گوتبووی پارە لەگەڵ خۆتاندا هەڵگرن، چونکە من هەست دەکەم ئەمە پیلانێکە بۆ وڵاتبەدەرکردنمان، بەڵام ئەوان گوتبوویان نەخێر بۆ ئەوەیە ناسنامەی ژووری بازرگانیمان پێ بدەن (2023: چاوپێکەوتن).

قاسم محمد علی خەنجەریش، بەهەمان شێوە باوکی لە نێو ئەو بازرگانانەدا بووە دەڵێت: من باوکم بازرگان بوو لە لایەن ژووری بازرگانییەوە لە بەغدا پێیان راگەیەندرابوو،کە کۆبوونەوەیان هەیە، دوای لێپرسینەوە لە مانگی 4ی 1980 هەموویان وڵاتبەدەر کران، ئەمە بۆ ئێمە زۆر شۆک بوو، ئەو کات ماڵەوەمان تەلەفۆنیان بۆ کردم، من لە سەر کار بووم، هاتمەوە، بەڵام باوکم لە دوورەوە ئاماژەی بۆ کردم نزیک نەبمەوە، چونکە من پێشتر زیندانی کرابووم لە ساڵی 1976، بە هۆکاری سیاسی، هەربۆیە گەڕامەوەو دواتر لەگەڵ ماڵی مامدا وڵاتبەدەرکرام دوای ئەوەی بۆ ماوەی نزیک بە یەک مانگ بێ شوێن بووم، هەر شەوێک لای ناسیاو و برادەر و کەسێکی نزیک دەمامەوەو لەو مانگەدا من وڵاتبەدەرکردنی دەیان ماڵی خزمی وەک خاڵ و مام و پوور و ماڵی هاوڕێ و دراوسێی خۆمم بە چاو بینی، لە حاڵەتێکی دەروونی خراپ و کارەساتاویدا دەژیام، دەبوو خۆم بپارێزم بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێم، چونکە پێم راگەیەنرا لە لایەن هەندێ برادەرەوە کە خۆم بە دەستەوە نەدەم، ئەگەر بگیرێم ئازاری زۆر دەدرێم (2023: چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی).

مزەفەر محەمەد حسێن محەمەد،یەکێکی ترە  لەوانەی،کە باوکی بازرگان بووە و لە هەمان رۆژدا بانگێشتی ژووری بازرگانی کراوە و هەر لەوێوە وڵاتبەدەر کراوە، ئەو دەڵێت کاتێک بازرگانەکان چووبوون بۆ ژووری بازرگانی ئیدی فەیلییەکان جیاکرابوونەوە دوای لێپرسینەوە و بە دواداچوون لە گەڵیاندا ئۆتۆمبێل ئامادەکرا بوون، ئیدی سواری ئۆتۆمبێل کرابوون بۆ ئەمن لەوێش دوای بەدواداچوون و لێپێچینەوە هەرچی بەرایی و ناسنامەیان هەبوو لێیان وەرگیرابوو، راستەوخۆ بۆ سنور برابوون و لەوێش بۆ ئێران رەوانەکرابوون (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

فیراس شهاب ئەحمەد عەلی، هەر لە بارەی ئەم رووداوەوە دەڵێت: یەکەم گرووپ وڵاتبەدەرکران بازرگانەکان بوون، کە ماڵی پوورم لە نێوانیاندا بوون، فازڵ بەڕاک بەڕێوەبەری ئەو کاتەی ئەمن بانگیان

دەكات بۆ كۆبوونەوە، ئەوە بوو هەر لەوێ هەرچی ناسنامە و بەرایی پێیان بووە لێیان وەردەگرن و پاسیش ئامادە کرابوو، راستەوخۆ رەوانەی سەر سنوور دەکرێن (2023: چاوپێکەوتن).

ئیسرا فەیلی لە بارەی وڵاتبەدەرکردنەکەیانەوە دەڵێت: باوکم دەڵێت، دوای ئەوەی هەرچی بەرایی هەیە لێمان وەرگیرا، ئەوجا سواری پاس کراین و راستەوخۆ نێردراین بۆ سەر سنوور، لەوێ پێیان راگەیاندین ئێوە ئێرانین و فەرموون بڕۆن بۆ ئێران (2023: چاوپێکەوتن).

لە درێژەی بابەتەکەدا ئیسرا فەیلی گوتی بۆ شەو باوکم نەهاتەوە، ئێمەش نەماندەزانی بۆ، بۆیە چووین بۆ ماڵی ئەو دراوسێیەمان کە باوکی ئەوانیش لەگەڵ ئەوان بوو، لێمان پرسین، ئایا باوکی ئەوانیش نەهاتۆتەوە، ئەوانیش گوتیان نەخێر، ئیتر دەستمان بە گەڕان کرد، هەموو شوێنێک گەڕاین هیچ سوراغێک نەبوو، تەنانەت براگەورەکەم چوو بۆ ژووری بازرگانی وپرسیاری کرد و گوتبووی باوکم لێرە کۆبوونەوەیان هەبوو، بەڵام ئەوان نکۆڵێان دەکرد و دەیانگوت هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەوان لێرە نەبووە، گەڕان و سوراغکردنەکەمان دوو هەفتەی خایاند. دوای دوو هەفتە باوکم چونکە بازرگانی میوەو چەرەسات بوو و مامەڵەی لەگەڵ بازرگانەکانی ئێراندا هەبوو، لە رێگای ئەوانەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی من لە ئێرانم و وڵاتبەدەر کراوم، ئێوەش خۆتان کۆبکەنەوە و ئامادە بن، چونکە ئێوەش وڵاتبەدەر ئەکرێن، وتی با خوشکەکانم نەیەن بۆ ماڵی ئێمە، با نەزانن خوشکی منن، چونکە من ناوی ئەوانم نەداوە. ئەوان پێیان گوتووین ئێوە بڕۆن، مناڵەکانیشتان بە دواتاندا دێن، ئیتر شاڵاوەکە بەمجۆرە دەستی پێکرد، لە بازرگانەکانەوەو دواتریش وردە وردە ئەوانیتر (2023: چاوپێکەوتن).

بەمجۆرەش لە مانگی نیسانەوە شاڵاوی وڵاتبەدەرکردن بە فەراوانی دەستی پێکرد، لە بەغدا و لە باقووبە و شارەبان و کوت و بەدرەو خانەقین و مەندەلی و جەلەولا (صالح،2014: 66).

وڵاتبەدەرکردن چۆن بوو ساڵی 1980 وەزیری ناوخۆ فەرمانی وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکانی دەکرد، کە تێیایدا هاتبوو: ئەو ئێرانیانەی لە وڵاتن و رەگەزنامەی عێراقیان نییە، هاوکات ئەوانەشی کە مامەڵەیان کردووەو بڕیاریان بۆ دەرنەچووە، دەردەکرێن (سلیمان، 2017: 2015).

ئەم فەرمانە لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە (مجلس قيادة الثورة) بە بڕیاری نهێنی ژمارە (2884) لە 10ی نیسانی 1980 داوا لە وەزارەتی ناوخۆ کرابوو و لە چەند بەندێک پێک دەهات، کە ئەوەی لای سەرەوە بەندی یەکەم بوو. لە بەندی دووەمیشدا هاتبوو هەر خێزانێک رەگەزنامەی عێراقیشی هەبێت، بەڵام یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە لە دەرەوەی عێراق بێت هەمان رێنمایی راگواستن و وڵاتبەدەرکردن دەیانگرێتەوە، ناوەکانیان تۆمار بکرێن و ناسنامەیان لێ وەربگیرێتەوە، هاوکات لە بڕگەی سێیەمی بڕیارەکەدا هاتبوو، هەندێک لەو خێزانانە لە رێگای کونسوولگەرییەکانی ئێرانەوە وڵات بەدەر بکرێن، ئەگەریش نەکرا، ئەوا لە رێگای سنوورەوە، هەر لەو بڕیارەشدا هاتبوو، ئەو ئافرەتانەی هاوسەرگیریان لەگەڵ کەسێکی عێراقیدا کردووە، ناویان بە لیستێک بەرز بکرێتەوەو لە هەمانکاتدا هاتبوو ئەو گەنجانەی خێزانەکانیان وڵاتبەدەرکراون و تەمەنیان لە نێوان 18 - 28 ساڵدایە تا کاتێکی نادیار لە زیندانی شارەکاندا بمێننەوە (صلاح،2014: 69 - 71؛ سلێمان، 2017: 315؛ عەزیز ومحەمەد ئەمین،2017: 138) هەروەها لە بڕیارەکەشدا جەخت لەوە کرابووەوە ئەگەر لە کاتی ئاودیوکردنیان لە سنوور هەوڵی گەڕانەوەیان دا، تەقەیان لێ بکرێت و بە هەر جۆرێک بێت بکوژرێن (سليمان،2017: 315)، مانگێک دوای ئەوەش لە 10ی

حوزەیرانی 1980 بڕیارێکیتر دەرکرا کە نابێت هیچ بەرپرسێک یان کەسێکی عێراقی بەرگرییان لێ بکات، دواتریش لە 12ی حوزەیران بڕیاری دەست بەسەردا گرتنی ماڵ و مڵکیان و پاشان دابەشکردنی بە سەر کاربەدەستانی حکومەت هەروەها دەستبەسەردا گرتن و فرۆشتنی لە بازاڕ دەرکرا (صلاح، 2014: 71).

لە راستییدا ئەوەی لە گێڕانەوەی قوربانییەکان و شایەتحاڵەکانی کارەساتەکە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە،کە حکومەتی بەعس ئەم بڕیارانەی بە تەواوی و هەندێک جار زۆرتریش بە سەر وڵاتبەدەرکراوان و کوردانی فەیلیدا جێبەجێکردووە، سەبارەت بە بڕگەی وڵاتبەدەر کردن ئەوا بو شێوەیەکی زۆر بەربڵاو و هەڕەمەکی و بێ رەچاوکردنی هیچ بنەمایەکی مافەکانی مرۆڤ پیادەکرا، لە میانەی گێڕانەوەکەیدا ئیسرا فەیلی گوتی: ئیتر دوای تەلەفۆنەکەی باوکم من بۆ بەیانی نەچوومەوە بۆ قوتابخانە، چونکە زانیمان وڵاتبەدەر دەکرێین، ئەوە بوو کەوتینە خۆ کۆکردنەوەو خۆ ئامادەکردن و قەرز کۆکردنەوەو جل و بەرگ کۆکردنەوەوە و بە هەرزان فرۆشتنی کەل و پەل و کەرەستەکان، بەڵام پێڕانەگەیشتین و براگەورەکەم فریا نەکەوت، ئەوە بوو تەلەفۆنیان کردوو پێیان راگەیاندین، ئەوان تا(1) یەک کاتژمێری تر لە ماڵی ئێمە دەبن، پێیان گوتین خۆتان ئامادە بکەن، ئەو کات خوشکێکی لە خۆم گەورەترم خوێندکاری زانکۆ بوو، لە بەشی پزیشکی ددان،براکەم پێی گوتن تەنها ئەو لە دەوامە، ئەوانیش وتیان تەلەفۆنی بۆ بکەن با بێتەوە، ئەویش تەلەفۆنی بۆ زانکۆ کرد و بەرپرسی ئاسایشی زانکۆ تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و براکەم پێی گوت با خوشکەکەم بێتەوە لەبەر ئەوەی ئێمە وڵاتبەدەر (تسفیر) دەکرێین، ئەوە بوو ئێمە خۆمان ئامادە دەکرد، ئەوان هاتن، کە هاتن بەڕێککەوت ئەمنەکە هاوڕێێ منالی براکەم بوو، بۆیە لەگەڵماندا زۆر خراپ نەبوون. ئیتر دەستیانکرد بە ناونووسینی ئێمە، لەو کاتەدا خوشکەکەم کە هاتەوە دەستیکرد بە گریان و گوتی من ئەوەندە ساڵە دەخوێنم و ساڵێکم ماوە زانکۆ تەواو بکەم، دیاربوو ئەمنەکە سۆزی جووڵاو زیاتریش لەبەر ئەوەی هاوڕێی براکەم بوو، گوتی کەست هەیە لە لای بمێنیتەوە، خوشکەکەم گوتی بەڵێ، ئەویش گوتی مەیکە بە دەنگە دەنگ و بڕۆ وەک ئەوەی من تۆم نەبینی بێت، بەس کە زانکۆت تەواو کرد داوای دامەزراندن نەکەی، یەکسەر لە عێراق بڕۆ.

ئیتر ئێمە تەنها 2 جانتا جل و بەرگمان لە گەڵ خۆماندا برد، بەڵام دایکم سۆپای ئامادە کردبوو لەگەڵ خۆماندا بیبەین، ئەمنەکە کە بینی نووکە شەقێکی لێدا و گوتی ئەمە چییە. دایکم گوتی سۆپایە، لەبەر ئەوەی رێگا سارده و منداڵەکانم بچووکن لە گەڵ خۆماندا دەیبەین، ئەمنەکەش گوتی خۆ لە ماڵی باوکتەوە نەتهێناوە، یەڵلا بیبەنە ژوورەوە،بۆیە برایە ژوورەوە، ئیتر نەیانهێشت هیچ لەگەڵ خۆمان بەرین، تەنانەت وێنە کەسییەکانیشمان کە ئەوانیش دواتر فرۆشرابوون. ماڵەکەشمان دەستی بەسەردا گیرا و کرا بە بارگای ئەمنی ناوچەکە، ئەوانیتریش هەر هەموو لە زیادکردندا فرۆشران، کە جگە لە ناوماڵەکە هاوکات سێ ئۆتۆمبیلیشمان هەبوو. ئەو دەڵێت ئیدی سواری پاسێکی 18 نەفەری مارسیدس کراین و دوو ئەمن لەگەڵماندا هاتن تا لە سنوور دابەزیین، ئێمە زۆر بەرێزەوە دەرکراین و پێشتر تەلەفۆنمان بۆ کراو و هێشتیان 2 جانتا جل و بەرگ لەگەڵ خۆمان بەرین، لە نێو یەک پاسدا هەر خێزانەکەی خۆمان بووین، بێ ئەوەی زیندانی بکرێین براینە سەر سنوور و لەوێش یەکسەر ئاودیوی سنوور کراین، بەڵام ئەوانەی دوای ئێمە بە بەرگی بەریان و دوای چەند رۆژێک زیندانی و جیاکردنەوەی گەنجەکان و رەوانەکردنیان بۆ زیندان و چەند خێزانێک لە نێو ئۆتۆمبیل و ئیهانەکردن دەرکران ئەمە جگە لەوەی دەبوو بە پێ سنوور

ببڕن و ڕەوانە دەکران، هەروەها هەر هەڕەمەکی و بێئەوەی هیچ ئاگادار بکرێنەوە دەچوونە سەریان و دەریان دەکردن (2023: چاوپێکەوتن).

مزەفەر محەمەد حسێن محەمەدیش لە بارەی وڵاتبەدەرکردنی خێزانەکەی خۆیانەوە دەڵێت: دوای دەرکردنەکەی باوکم و بازرگانەکانی تر، ئیدی ئێمە زانیمان و دەنگۆ بڵاوبۆوە کە وڵاتبەدەر کراون، لە دوای 12 ڕۆژ ئیدی ئێمەش دەرکراین، کە من ناسیاوێکی هاوڕێیەکی خۆم لە ئەمن بوو هات بۆ دەرکردنی ماڵی ئێمە بۆیە تا ڕادەیەک ئێمە بە ڕێزەوە دەرکراین،ئەوە بوو من توانیم هەندێک پارە کۆبکەمەوە و لە گەڵ خۆمدا بیبەم،بەڵام سامان و خانو و ئەوانی تر هەمووی مانەوە، تەنها هەندێک پێویستی سەرەتایی و سادەمان لە گەڵ خۆماندا برد و سواری پاسێکی 18 نەفەری کراین و یەکسەر بۆ سنور، لەوێ،کە دایانگرتین بە سەربازەکەم گوت خۆ کەس لێرە نییە، ئەویش بە بەزەییەکەوە، گوتی کوێراییم دابێت بۆتان، ئیستا دێن بە شوێنتاندا، ئیدی ئۆتۆمبێلێکی ئێرانی هات و بە پەلە باری کردین و بردینی بۆ ئێران و لەوێ براینە چادرگە (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

عەواتف عبد الحسين محمد یەکێکی ترە لە قوربانییەکانی وڵاتبەدەرکراو، کە ئێمە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجامداوە، ئەمیش دانیشتووی شاری بەغدا بووەو باوکی کوردی فەیلی بووە، ئەو کات لە قوتابخانەی ناوەندی بووە، ئەمان زۆربەی هەرە زۆری بەندەکانی ئەو بڕیارانەیان بەسەردا داسەپاوەو زۆر لە دۆخێکی خراپدا وڵاتبەدەرکراون، ئەمان بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندی خۆیان هەیە،چونکە لە کاتێکدا وڵاتبەدەرکراون باوکی لە ژیاندا نەماوە، دایکیشی بە ڕەچەڵەک عەرەبی عێراقی بووە، بۆیە جیا لەوەی کە باوکیان لەگەڵیان نەبووە هاوکات حکومەتی عێراق نەیهێشتووە دایکشیان لەگەڵیاندا بڕوات، ئەمە لە کاتێکدا کە دوو برایان هەبووە ئەوانیشیان لێ جیا کراونەتەوە، یەکیان بۆ ئەبووغرێب و ئەویتریشیان سەرباز بووە، ناردراوەتەوە بۆ یەکەی سەربازییەکەی، ئەوان(4) چوار کچ هەر بە تەنها ماونەتەوە، تەواوی کارەساتەکانیان بینیوە، کە عەواتف خوشکی گەورەیان بووە.

عەواتف لە باری ڕۆژی هاتنی ئەمنەکانەوە دەڵێت: من لە قوتابخانە بووم، تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوومان هەبوو، کاتێک براکەم هات و گوتی با بڕۆینەوە ئێمە (تسفير) دەکرێین، ئەویش لەبەر ئەوەی ئێمە پێشکەشمانکردبوو بۆ وەرگرنی ڕەگەزنامەی عێراقی (شهادة جنسيية العراقية) لەوێوە بە ئێمەیان زانیبوو، مامۆستاکەمان وتی عەواتف ئەوە چییە؟ وتم وەڵا نازانم مامۆستا، بە ئێرانی دەرچووین ئێمەش نەمانزانیوە، ئەوە بوو جانتاکەم هەڵگرت و هاتمەوە بینیم دایکم و خوشک و براکانم لە نێوە سەیارەدان و هەر بە جلەکانی ماڵەوەیان، منیش هەر بە جل و بەرگی قوتابخانەوە سواری سەیارە بووم، یەکسەر بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕەوانەکردنی بەغداد (مديرية تسفيرات بغداد) لەوێ برایەکم جیا کرایەوەو ڕەوانەی ئەبووغرێب کرا، ئەویتریشیان ڕەوانەی یەکەی سەربازییەکەی کرایەوە، دایکیشم خرایە دەرەوەو پێیان گوت تۆ پەیوەندیت بەمانەوە نییە، تۆ عێراقیت و ئەمان ئێرانین، تەنها ئێمە لەوێ ماینەوە تا بەیانی، دەمەو ئێوارە، ئەفسەرێک بەوەی لە خۆی گەورەتر بووی گوت «گەورەم ئەمانە کچن و بە تەنیان قورس نابێت؟ ئەویش گوتی نا ئەوانە ئێرانین، بۆیە کە ئەفسەرەکە ڕۆیشت بێرییەکەی فڕێدایە ژێر پێی و بە پێوە چووە سەری.

بۆ ڕۆژی دواتر بردیانین بۆ ژمارە(3)، کە لە ئێمە زیاتر کەسی تری تیا نەبوو، زۆر سارد بوو و تەنها

چەند پارچە کارتۆنێک لە زەوییەکە راخرابوو، لەو کاتەدا پۆلیسێک هات و پێی گوتین، خوشکەکانت بەرەو بچنە ئەو ژوورەوە و دەرگاکە دابخە، چونکە ئێستا ئەفسەرەکان دێنەوە، سەرخۆشن دەترسم شتێکتان لێ بکەن، لە نیوەی شەودا دایکم هات و زۆر لێی پاڕایەوەو گوتی ئەوانە کچی منن، بیکە بە خاتری خوا. ئەویش دەریکرد و گوتی بڕۆ دەرەوە و لەگەڵیان دامەنیشە، ئەوان ئێرانین و تۆ عێراقیت، دواتر ئەمنێک هات و پێی گوتین، لە بەرچاو مەمێنن، چونکە ئەفسەرەکان بە سەرخۆشی دێنەوە، دواتر ئەفسەرەکە هاتەوەو گوتی، ئەمانە هەر لێرە ماون، رەوانە نەکراون. ئەمنەکە گۆتی گەورەم دایکیان وا دەگەڕێت، بەشکوو شتێکیان بۆ بکات، گوتی نابێ، ئەمانە ئێرانین. دواتر نەقیب عەبوود هات، ئێمە زۆر دەترساین، خوشکە بچووکەکەم پۆلی چواری سەرەتایی بوو، ئەوان سەرخۆش بوون، چاک بوو، وردە وردە خەڵکیتریان هێنا و خێزانیتریان هێنا، ئەو کات من ئاسوودە بووم.

رۆژی دواتر  جارێکیتر دایکم هات و لە بەر ئەمنەکە پاڕایەوە کە رێگا بدات بێت بۆ لامان، ئەوە بوو رێگای پێدا و دایکیشیم تەنها (22) دیناری عێراقی بۆ هێنابووین. بۆ ئێوارەکەی لە دوای(3) سێ رۆژ سواری ئیڤا کراین و رەوانەی سەر سنوور کراین، لەوێدا نەقیب عەبوود بە دایکمی گوت ئەو کچەم پێ بدە بیخوازم هەمووتان دەردەکەم لەم دۆخە. ئەوە بوو بەڕێکەوتین و دایکم بە ژنێکی گوت خودا لێت رازی بێت ئەمانە کچی منن، چاوێکت لێیان بێت، ئێمە لە شەودا بەڕێ کەوتین و  بۆ بەیانی نیوەڕۆکەی گەیشتین، دواتر رادەستی ئێرانییەکان کراین(2023: چاوپێکەوتن).

ئوسامە جەلال یوسف، یەکێکیترە لەوانەی کە هەر مانگی 4ی 1980 خێزانەکەی وڵاتبەدەر کراون، بەڵام جیاوازی ئەمان ئەوە بووە،کە ئەمان ماوەی نزیک بە 5 مانگ زیندانی کراون، دوای ئەوە ڕەوانەی سەرسنوور کراون. ئەو لە بارەی دەرکردنەکەیانەوە گوتی. ئەو کات من 9 مانگ بووم، چونکە من لە دایکبووی 1979م، ئێمە لە مانگی 4ی 1980 وڵاتبەدەر کراوین، ئەوەی خێزانەکەم بۆیان گێڕاومەتەوە، باوکم لە سەر کار بووە،کە ئەمنەکان هاتوون، ئیتر من و دایکم و خوشک و براکەم براوین بۆ کەرتی(51) لە پۆلیسی سەورە، کە باوکم هاتۆتەوە دراوسێکان پێیان گوتووە خێزانەکەت براون بۆ پۆلیس، ئەویش هاتبوو بۆ ئەوێ، لەوێ پێیان گوتبوو تۆ کێشەی ناسنامەت هەیە، یان با بڵێین رەگەزنامە، ئەویش گوتبووی من کێشەی رەگەزنامەم نییە، چونکە من لە لیوای(10)ی زرێپۆش بووم و لە ئۆردن بریندار بووم، بەڵام گوێیان بۆ نەگرتبوو، ئەو دەڵێت ئێمە کە برابووین هەر بە جل و بەرگی ماڵەوە برابووین، تەنانەت نەیانهێشتبوو تراکسوودێکیش لەگەڵ خۆمان ببەین، تەنها ئەوە نەبێت باوکم هەندێ پارەی لە نێو تەرمۆزەیەکی ئاودا شاردبۆووەو هێنابووی، ئەوەی راستی بێت هەرچیمان هەبوو بەجێما تەنانەت ئۆتۆمبیلەکەی باوکم هەر لەو مەرکەزی پۆلیسە براو نەبینرایەوە، دوای ئەوەی 1 - 2 رۆژ لەوێ دەمێننەوە دواتر دەبرێن بۆ هۆبەی تایبەت و لەوێ( 4 مانگ و 15 رۆژ)  زیندانی دەکرێین  و دوای ئەوە چوار مامەکەی تریشم هاتن و پاشان بە ئۆتۆمبیلی ئیڤا بەرەو سنوور برابووین، ئیتر ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆر بە پێ رۆیشتبووین تا گەیشتبووینە سنووری ئێران و لەوێ براین بۆ چادرگە (2023: چاوپێکەوتن).

لە بارەی دەرکرانی خۆیەوە قاسم خەنجەر ئەڵێت: من بە نیاز بووم لە رێگای قاچاخەوە دەرچم. لەگەڵ کوڕی مامم و چەند برادەرێکمدا. بەڵام من پێڕانەگەیشتم. بەڵام دواتر دوای شکاندنی زیندان لە لایەن گەنجانی فەیلییەوە، ئیتر ئەو دەنگۆیە بڵاو بۆوە کە گەنجەکان دەستبەسەر ناکرێن، بۆیە منیش

بڕیارمدا لەگەڵ ماڵی مامم کە ڕۆژی پێشتر تەلەفۆنیان بۆکرابوو وڵاتبەدەر دەکرێن، منیش لەگەڵ ئەواندا بڕۆم، واتە من سەرکێشیم بە ژیانی خۆمەوە کرد. ئەوە بوو بەیانی هاتن و بردیانین بۆ جەمەلۆنەکانی نزیک مەلعەب شەعب، لەوێ ناوەکان تۆمارکران، لەوێ پێیانگوتم بۆ لەگەڵ ماڵی باوکتدا نەڕۆیشتووی، گوتم من پێرانەگەیشتووم، چونکە لەسەر کار بووم، تا هاتمەوە ئەوان برابوون، ئەوە بوو هەر هەمان ڕۆژ ئێمە رەوانەی سەرسنوور کراین، کە من لەمەدا بەختم هەبوو، چونکە ئەگەر مابایەنەوەو بەدواداچوون کرابا، لەبەر ئەوەی من پێشینەی زیندانی سیاسیم هەبوو، ئەگەری هەبوو زیندانی بکرێم وەک ئەوانیتر» (2023: چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی).

لە راستییدا تا دەهات حکوومەتی بەعس زیاتر دەکەوتە وێزەی ئەو خەڵکە بێ تاوان و مەدەنیەی کە هیچ تاوانێکیان نەبوو لەوە زیاتر کە کوردی فەیلین، لەم سۆنگەیەوە لە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان کەوتبوونە پڕووپاگەندە لە دژیان، تا ئەو رادەیەی کە لە 21ی 6ی 1981، رۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حکوومەتی بەعس لە بارەیانەوە ئەڵێت: ئەم توێژە لە عێراق ریشە کێش بکەن بۆ ئەوەی خاک و هەوای عێراق پیس نەکەن، هەروەها خوێنی عێراقیش پیس نەکەن، لە رێگای ژن و ژنخوازییەوەو خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی عێراقییەکان نەبێت (سلێمان، 2017: 315).

ڕۆژ دوای رۆژ  پرۆسەکە فەراوانتر دەبوو، کارەساتەکان فرەتر دەبوون، سیهام وادی عەبدولحسێن، کە لە دوای دەستپێکردنی جەنگی ئێران عێراق وڵاتبەدەر کراون،لە بارەی وڵاتبەردەرکردنەکەی خۆیانەوە گوتی ئێمە لە 2ی 9 ی 1981 دەرکراین، ئەوە بوو براکەم لە پۆلی شەش بوو دەبوو بچێتە تاقیکردنەوەی بەکالۆرییەوە، بۆیە پێویستی بە رەگەزنامەی عێراقی هەبوو، ئەویش چووبوو بێ پرسی ئێمە بۆ ئەوەی دەریبکات لەوێ بۆیان دەرکەوتبوو کوردی فەیلییە، بۆیە هەر لەوێ دەستگیرکرابوو  بە بێ ئەوەی ئێمە ئاگاداربین، ئیدی دایکم رۆژانە یەکێک لە ئێمەی لە گەڵ خۆیدا دەبرد و دەچوو بۆ گەڕان بە شوێنیدا ئیدی نەخۆشخانەو زیندانییەکان دەگەڕاین، هەر نەبوو دوای ماوەیەک ئیدی لە گەڵ ئەو خوشکەمدا رۆیشتن کە دوو ساڵ لەمن گەورەترە، چوون بۆ سۆراغی براکەم،لەو رۆژەدا ئەمنەکان هاتنە سەر ماڵی ئێمە، کە هەمووومان منداڵ بووین گەورەکەمان 17 ساڵ بوو هاتن بۆ بردنی ئێمە، لەو کاتەدا دراوسێکەمان هات و گوتی بۆ ئیستا دەیان بەن، چاوەڕێ بکەن با دایکیشیان بێتەوە ئەوکات بیان بەن، گوتیان ئەگەر قسە بکەی تۆش لە گەڵیان دەبەین، ئیدی بردیانین بۆ ئیقامە، کاتێک دایکم گەڕابۆوە پێان گوترابوو، کە ئەمن هاتوون و بردوویانن بۆ ئیقامە،ئەوانیش هاتن ئیدی لەوێ خوشکەکەمیان هێنا بۆ لای ئێمە، بەڵام دایکمیان برد بۆ زیندانێکی تر لەبەر ئەوەی رەگەزنامەی عێراقی هەبوو، دوای یەک دوو کاتژمێر بردیانین بۆ تەسفیرات، دایکیشم برابوو بۆ زیندانی زەعفەرانییە. لەوێ لە تەسفیرات ژن و پیاو لێکجیاکراینەوە، تەنها رۆژی پێنج شەممان یەکترمان دەبینی،ئەوە بوو لەوێ ریازی برامان بینی ئیدی لێمان پرسی ئەوە چی بووە،ئەویش رووداوەکەی بۆ باسکردین، کە ئەو چۆتە رەگەزنامەو لەوێ دەستگیرکراوە.

دوای 40 بۆ 45 رۆژ لە زیندانی ماینەوە ئیدی دوای ئەوەی ژمارەمان زۆر بوو براین .ئێمە لە زیندان دۆخمان زۆر خراپ بوو تەنانەت لە جێگای سەرین نەعلەکانمان دەخستە ژێر سەرمان، رۆژانە ئێواران یەک دوو کاتژمێر دەردەکراین لە ئێوارانداا ئیدی دەخراینەوە هۆڵەکان(2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

فیراس شەهاب محمد علی، کە لە ساڵی 1982 دا دەرکراون، لەو کاتەدا تەمەنی نزیکەی 10 ساڵ

بووە دەڵێت: ئەوان مەترسییان لە فەیلییەکان هەبوو، چونکە بازاڕی بەغدا بە دەست ئەمانەوە بوو، بۆیە تۆمەتی تەبەعەی ئێرانیان بۆ هەڵدەبەستین بۆ ئەوەی دەست بگرن بە سەر ماڵ و سامانەکەماندا» (2023 :چاوپێکەوتن)، کە لە یەکێک لە سەرچاوەکانیشدا ئەمە هاتووە دەڵێت لە سەدام حسێنیان پرسیوە بۆچی فەیلییەکان وڵاتبەدەر دەکەیت، گوتوویەتی بۆ رزگارکردنی ئابووری عێراق (جو، 2014: 147). هەرچۆنێک بێت فیراس دەڵێت: من(3) پشتم هەر لە عێراق لە دایکبوون، گۆڕستانەکانی نەجەف شایەتی ئەوەن کە کێ عێراقییەو کێ نا.ئەو لە بارەی دەرکردنەکەیانەوە دەڵێت: من لە قوتابخانە بووم  لە ریزی بەیانیاندا، خوشکەکەم هات و گوتی ئەمن هاتوون بۆ ئەوەی تەسفیرمان بکەن، لەو کاتەدا یاریدەدەری بەڕێوەبەرەکە، کە بەڕەچەڵەک فەلەستینی بوو گوتی تەسفیری چی ئێوە خۆتان خەڵکی رەسەنی عێراقن، کە چوومەوە بۆ ماڵەوە لای ماڵمان وەکوو عاشوورا وابوو، دراوسێکان دەرچووبوون و سەیری ئێمەیان دەکرد و بە کورد و عەرەبەوە بۆ ماڵی ئێمە دەگریان، عەرەبەکان بە کوڵتر دەگریان، بینیم مەفرەزەیەکی ئەمن، بە ئۆتۆمبیلێکی لاندرۆڤەر هاتبوون، دوای ناونووسکردنمان لە گەراجی پاسەکانی گەڕەکەکە پاسێکی 18 نەفەری مارسیدسیان هێنا و هەموومانیان کردە نێو پاسەکە، کە سێ خێزان بووین، نزیک 35 سەر خێزان بووین، لەوێ براینە ئەمنی بەتاوین،  بیرم دێت دوایی ئێمەیان برد بۆ ئیقامە کە عەبوود بەڕێوەبەری ئیقامە بوو، کە گەیشتینە ئەوێ هەمووومان خراینە نێو هۆڵێک،کە مێزێکی گەورەی تێدا بوو، سەر مێزەکە پڕبوو لە خشڵ و کەل و پەلی گرانبەهای ئەو خەڵکە کە لێمان وەرگیرابوون، لەوێ ئێمە(3) سێ خێزان بووین خراینە یەک ژووری زۆر تەسکەوەو شەوێک لەوێ ماینەوە، بەیانی براینە تەسفیرات و (3) مانگ و(4) چوار رۆژ زیندانی بووین، لەوێ ژن و پیاو لەیەکتر جیا کرانەوە، هەفتەی یەکجار بۆیان هەبوو یەکتر ببینن، من هەفتەی یەکەم لای باوکم بووم، بەڵام لە هەفتەی دووەمەوە چوومە لای دایکم، ئێمە لەوێدا خەڵکێکی زۆر زۆر بووین، بە سەتڵ خواردنمان بۆ دەهات کە زۆربەی جار شۆربا و برنجێکی شل بوو، ئیتر دەبوایە لە نێو خۆماندا دابەشی بکەین، توالێتمان گشتی بوو، ئەگەر بەرت بکەوتایە 10 رۆژ جارێک خۆ شۆردن هەبوو، هەموومان لە هۆڵێکدا دەنووستین، لە سەر کاشی و پێخەفمان، تەنها ئەوە بوو کە خۆمان لەگەڵ خۆمان هێنابوومان، لە نێو زیندانەکەدا زۆر کەس نەخۆش دەکەوتن، هەندێک بە سالاچوو مردن، هەندێک ژن هەرلەوێدا منالیان دەبوو، دواتر ئێمە بە پاسی نیسان رەوانەی سەر سنوور کراین، کە لە یاریگای گەل (ملعب شعب) ژمارەیەکی ئێجگار زۆری خەڵکی ناوچەکانی تری وەک کوت و کەربەلا و ناوچەکانی تر لەوێ کۆ کرابوونەوە، لەوێ لە سەر پاسەکان نووسرابوو ئەمانە خۆبەخشی جەیشی شەعبین، بۆ ئەوەی خەڵکەکە نەزانن خێزانی تیایە، ئیتر بەڕێ کەوتین هەر پاسێک (2) ئەمنی تێدا بوو، لە رێگای خانەقینەوە بەرەو سەرپێڵی زەهاو براین، من دەبێ ئەوە بڵێم، هەرچەندە ئەمنەکان خراپیان تێدا بوو،بەڵام هەموویان خراپ نەبوون، بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو، لە سنوور کە داگیراین، چەند سەربازی عێراقی بۆ ئێمە دەگریان، لە سەر سنوور پێیان گوتین، بڕۆن ئەوە ئێرانە و منیش دەستی باوکمم گرت و بەڕێ کەوتین، ئەوەی راستی بێت لەو کاتەدا دۆخی فەیلییەکان بە تەواوەتی شێوابوو، ئەو کاتە ئێمە وڵاتبەدەر کراین ئیتر خزمەکانمان زۆر بە پەلەو زۆر بە هەرزان ماڵ و موڵکیان فرۆشت، لە رێگای کوردستانەوە بەرەو ئەورووپا کۆچیان کرد(2023: چاوپێکەوتن).

ئەحمەد مەجید عەلی،کە ئەویش لە دایکبووی بەغدایە و لەوێ ژیاوە،لە بارەی وڵاتبەدەرکردنیانەوە

گوتی: کۆتاییەکانی ساڵی 1984 بوو کاتژمێر(6) ی بەیانی لێمان بە ژوور کەوتن، گوتیان 10 خولەک کارمان پێتانە و هەندێک پرسیار هەیە لێتان دەکەین. گوتمان باشە با خۆمان بگۆڕین، گوتیان نا پێویست ناکات، هەر وا بە جلی نووستنەوە وەرن هەر بۆ 10 خولەکە. راستییەکەی کلیلی ماڵەکەیان لێ وەرگرتین، دەریانکردین. تەنانەت من لەو کاتەدا 13 هەزار دیناری عێراقیشم هەبوو، دەمویست خانوویەکی نوێ بکڕم، ئەویشیان برد. ئێمەیان بە جلی نووستنەوە برد، بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئیقامەی بەغدا، لەوێ فڕێیان داینە قەفەسێکەوە کە شوێنی 4 کەس بوو، ئێمەش 2 خێزان بووین، خێزانی من و باوکم هەروەها براکانیشم لە گەڵمان بوون، تا نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، دوای نیوەڕۆ ئۆتۆمبیلێک هات و ئێمەیان برد بۆ لای رائد عەبودی مجرم کە دەیان تاوانی دژی کوردە فەیلییەکان کردووە، دوای ئەوەی پرسیار و وەڵامیان تەواو بوو، گوتی بیانبەن بۆ بەرێوەبەرایەتی تەسفیرات. ئیدی گوتیان ئەمە شوێنی ئێوەیە و 4 بۆ 5 مانگ، ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی تەسفیرات ماینەوە، لە نزیک یاریگای گەل (ملعب شعب)، باروودۆخمان زۆر خراپ بوو، خواردنێکی خراپ و نەبوونی رێز،جیاکردنەوەی ئافرەتان لە پیاوان، رۆژانە مەنجەڵێک شۆربایان بۆ دەهێناین و دەفرێکی بچووک شلەو یەک چارەکە سەموونێک، دەستشۆر و گەرماو نەبوو. بۆ توالێتیش بە وەجبە دەردەکراین، زۆرترین ئازار و سووکایەتی ئەوە بوو ئەفسەرەکان شەوانە بە سەرخۆشی دەهاتنەوەو ئەو ئافرەتە خراپانەی کە لە سەر کاری خراپ دەستگیرکرابوون دەریان دەکردن و سەما و رابواردن و گۆرانی بوو، هەر ئەو ئافرەتانەیان لەگەڵ ماڵ و منداڵی ئێمەدا زیندانی کردبوو، ئێمەش ئاگر لە دڵمان بەر دەبوو، زۆر دەترساین ئافرەتەکانی ئێمەش دەربکەن بۆ ئەو کارانە. ئێمە چوار بۆ پێنج مانگ بەوجۆرە بووین. خەڵکی زۆر نەخۆش دەکەوتن، هەبوو بەتەمەن بوون و دەمردن، هەبوو ئافرەت بوو منداڵی دەبوو، دەبرا لە نەخۆشخانە منداڵەکەی دەبوو و دواتر دەیانگەڕاندەوە. دوای ئەو ماوەیە پاسی جام رەشیان هێنا، داخراوبوو، قەدەغە بوو یەک کەس قسە بکات، لەوێ بەڕێ کراین بۆ سەر سنووری جوانڕۆ، ئەمنیش لەگەڵمان بوو، تەنانەت رائد عەبوودیش بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی لەگەڵمان بوو، لەوێ دایانبەزاندین و گوتیان ئەوە خومەینییە لە سەر ئەو چیایە چاوەڕێتان دەکات (2023: چاوپێکەوتن).

ماجد عەبدولرەحیم (حلو) سەربوردەی ماڵی تەلاڵ ستار ئاغالی بۆ گێڕاینەوە، کە ئەو واتا تەلاڵ خۆی بۆگێڕاوەتەوە گوتی ئەو باوکی و نۆ (9) مامی لە سێدارە دراون دەڵێت: تەلاڵ دەیگوت ئێمە تا ساڵی 1988 هەر بەدوامانەوە بوون لەم جێ بۆ ئەوجێ خۆمان دەشاردەوە تا رۆژێک من و خوشکەکەم لە قوتابخانە بووین،ئەمنەکان هاتن بۆ دەستگیرکردنمان، ئەوەبوو بەڕێوەبەرەکە پێی گوتم بڕۆ هەڵبێ هاتوون بۆ گرتنت، منیش هەڵاتم، بەڵام خوشکەکەم دەستگیرکرا، منیش چوومەوە بۆ لای ماڵی خۆمان بینیم دایکم و خۆشکەکەم خۆیان ئامادەکردوە و ئەمنەکان لە دەرگامانن و سواری ئۆتۆمبێلیان دەکەن، بۆیە منیش لە تاواندا چووم بۆ لایان و ئیدی هەمووومان براین بۆ زیندان، لەوێ هەر بە پاڵ و پێداکێشان دایکمیان دەرکردە دەرەوە، گوتیان تۆ عێراقیت نابێت لە گەڵ ئەمان بیت، من لە پەنجەرەیەکی بچوکەوە تەماشام دەکرد دایکم تا درەنگانی شەو لە ژێر دێواری زیندانەکە هەڵکورما بوو، دوای ئەوەی هیچ گوێیان لێ نەگرت ئەوجا رۆیشت،لە زیندانەکەدا عەبود پێی دەگوتم هەرچی پارەت پێیە دەری کە ئەوە بوو منیش هەندێک پاری وردە و پێنج دینارم پێ بوو دەرم هێنا، ئەویش کەوتە جنێودان و دەیگوت پارەکە دەرکە منیش دەمگوت هەر ئەوەم پێیە، بەڵام ئەو چوو خوشکەکەمی هێناو لە بەرچاوی ئەو دەمانچەی راکێشاو

گوتی ئەگەر پارەکە دەرنەهێنیت دەتکوژم، ئەوە بوو خوشکەکەم ترساو و دووسەد و پەنجا دیناری پێ بوو دای پێی، ئیدی کەوتە جنێودان بەمن گوتی بۆ دەڵێی هیچم پێ نییە، هەروەها و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە بۆی گێڕامەوە،کە هەر لە گەڵ ئەواندا کچێکی زۆر قەشەنگ لەو زیندانەدا بووە و دەستدرێژی کراوەتە سەر، ئیدی گوتی دوای ئەوە براین بۆ سەر سنور و رەوانەی ئێران کراین (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

بە شێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە زۆر هەڕەمەکی بوو، رەچاوی هیچ بنەمایەکی مافەکانی مرۆڤی تێدا نەکراوە، تەنانەت کاتی هەڵکوتانە سەر ماڵەکانیش دیاریکراو نەبوو. ئەوەی بینیمان لە شەودا یان لە بەرەبەیانی کاتی خەودا یان کاتی چوونی منداڵەکان بۆ قوتابخانە بووە، یان ئەوەی باوکەکان لە سەر کار بوون. ئیبراهیم تەمەر زەنگەنە، کە بۆ خۆی لە دایکبووی مەندەلییە، بەڵام لە دیالە ژیاوەو خێزانەکەی کوردی فەیلی بووە دەڵێت: شەوێکیان کاتژمێر 10:30 بۆ 11 ی شەو بوو، ئێمە 3 هاوڕێ دانیشتبووین یەکێک لە برادەرەکان ناوی هانی بوو کوردی فەیلی بوو، لە ناکاو کوڕێک هات و گوتی، هانی ئیڤایەک لە دەرگای ماڵتان وەستاوەو تەسفیرتان دەکەن، ئەو کات ئێمەش رۆشتین تەماشا دەکەین هەموو خەڵکەکە لە دەرەوە سەیری ئەو ماڵە دەکەن، ئەوانیش کوڕ و کچ، دایک و باوک، سواری سەیارەکراون و مامۆستا هانیش گەڵیاندا لە سوار کرا، کە بەعسیش بوو (2023: چاوپێکەوتن). لەو پرۆسەیەدا رووداوی زۆر سەرنج راکیش هەبووە بۆ نموونە هەفتەی پێشوو باوکەکە مردووەو بە عێراقی نێژراوە، دوای هەفتەیەک خێزانەکەی بە ئێرانی وڵات بەدەرکراون (فەیلی، 2023؛ چاوپێکەوتن). هەروەها سەبریە ئەحمەد محەممەد کە خێزانی ئیبراهیم زەنگەنەیە، خۆی کوردی فەیلیە، دەڵێت: ئێمە رەگەزنامەکەمان عوسمانی بوو، بەڵام باوکم رەتی کردەوە بۆ رەگەزنامەی ئێرانی، لەبەر ئەوەی سەربازی نەکات، دوایی جارێکیتر رەگەزنامەی عێراقی دەرکرد،بەڵام لە سەری نووسرابوو پێشتر ئێرانی بوو، ماڵی خاڵەکانم نوێیان نەکردبۆوە بۆیە تەسفیر کران، تەنانەت ئێمەش ئیڤا هاتە بەر درگامان، بەڵام دراوسێیەکانمان بەعسی بوون هاتن و گوتیان ئەمانە فەرمانبەرن و رەگەزنامەیان هەیە، ئیتر رێگەیان پێداین بمێنینەوە، ئەوان هەرکەس دەوڵەمەندتر بوایە تەسفیریان دەکرد، بۆ ئەوەی دەست بە سەر ماڵ و سامانەکەیدا بگرن و چەندین دراوسێی ئێمە تەسفیرکران (2023: چاوپێکەوتن). ئەوان تەنانەت خەڵکی ئیفلیج و نەخۆشی سەرجێگایان وڵاتبەدەر دەکرد و چەندین کەسیان لە رێگا مردن. پرۆسەکە ئەوەندە هەڕەمەکی و بە پەلە بوو،کە دەچوونە بەردرگا، ئەوەندەی لەوێ بوایە دەیانبردن و ئەوەیتر دەمانەوەو زیندانی دەکران و لەگەڵ وەجبەی تردا وڵاتبەدەر دەکران، بۆ نموونە ئیسرا فەیلی دەڵێت: کاتێک هاتن ماڵی ئێمە تەسفیر بکەن دوو رۆژ پێشتر ماڵی خوشکی دایکم تەسفیر کرابوون، کوڕەکەی کە ناوی سەمیر بوو لەسەر کار بوو، کە هاتبۆوە خیزانەکەی لە ماڵ نەبووبوون، ئەوکات نەیویرابوو بچێتە لای ئەمن چونکە زیندانی دەکرا، چونکە کوڕی پوورزایەکی ترم وای لێهات کە لە سەربازی گەڕابۆوە و بینیبووی ماڵیان دەرکراون کراوە، گەڕابۆوە بۆ یەکە سەربازییەکەی، لەوێ رەوانەی زیندان کرابوو، بۆیە ئەم هاتە ماڵی ئێمە، ئەوەبوو لەگەڵ ئێمەدا تەسفیر کرا، کە ئەمنەکە پێی گوت من چاکە لەگەڵ تۆدا دەکەم کە لەگەڵ ئەوان ئەتنێرم (2023: چاوپێکەوتن). عەواتف عەبدولحسین محمد دەڵێت: کچێکیان لەگەڵدا بوو کە لە قوتابخانە بووبوو کاتێک ماڵەوەیان تەسفیر کرابوون، کە گەڕابۆوە بینیبووی تەسفیرکراون چووبوو بۆ پۆلیس. ئەوانیش یەکسەر و هەر بە تەنها تەسفیریان کردبوو (2023: چاوپێکەوتن). هەروەها ئیسرا فەیلی دەڵێت: کاتێک ئەمن

داوایانە بە سەر ماڵێکدا سەرقاڵی مارە برِین بوون، گوتیان کچەکە تەبەعیە، بۆیە کچەکەیان وڵاتبەدەر کرد و کوڕەکە مایەوە ئیدی کچەکە تا مرد هاوسەرگیری نەکرد(2023: چاوپێکەوتن).

لایەنێکی تری ئەم پرۆسەیە، ئەوە بوو، کە ئەمان لەگەڵ ئەوەشدا پێیان دەگوترا ئێوە عێراقی نین، کەچی سەربازییان پێدەکرا و زۆربەی گەنجەکانیان لە سەربازی بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەوان سەربازی وڵات بوون و لە بەرەکانی شەڕدا بوون بۆ ئەو وڵاتە، کەچی هەر لەو پرۆسەی قڕکردنە رزگاریان نەدەبوو، بۆ نموونە زۆرجار لە بەرەکانی جەنگدا هەوڵی لەناوبردنیان دەدرا یان وەک قەڵغان بەکار دەهاتن، دەبوو بکوژرێن یانیش دەنێردران بۆ شوێنێکی پڕ مەترسی بۆ ئەوەی بکوژرێن، هەندێک جاریش هەر لە لایەن پیاوانی بەعسەوە لە دواوە دەکوژران (صالح، 2014: 71). لەم رووەوە سەبریە ئەحمەد محەممەد دەڵێت: من براکەم لە سەربازی شەهید بوو، لە ناو پرسەکەدا تەلەفۆنێکم بۆ هات لە کوڕێکەوە بوو، گوتی تۆ خوشکی قاسمی، گوتم بەڵێ، گوتی براکەت لە شەڕدا نەکوژراوە، بەڵکو خۆیان بە مەبەست ناردیانە شوێنێک کە بۆردمانەکە زۆر چڕ بوو. بۆ ئەوەی بکوژرێت لەبەر ئەوەی فەیلی بوو، دوایی دایکی لێی توورە بوو و گوتی دەتەوێ تووشمان بکەیت و تەلەفۆنەکەی پێ داخست (2023: چاوپێکەوتن).

ئەمانەو هاوکات هەر لە سەربازیدا چەندین بەسەرهاتیتر روویانداوە، لەوانە ماڵێک لە کاتی تەسفیرکردندابوو، کە تەرمی کوڕەکەیان هاتۆتەوە، ئەوانیش واتە ئەمنەکان پێیان گوتوون مانەوەو پرسە دانان نییە، بەڵکوو راستەوخۆ بینێژن و یەکسەر تەسفیر دەکرێن (فەیلی، 2023: چاوپێکەوتن). هەندێکجاریش تەرمەکە هاتۆتەوەو ماڵەکە وڵاتبەدەر کراون، دراوسێکان وەریانگرۆتەوەو ناشتوویانە (عەلی 2023: چاوپێکەوتن).

قاسم محەممەد خەنجەر دەڵێت: لە ماوەی ئەو مانگەدا کە دوای ماڵی باوکم وڵاتبەدەرکران، من بە تەنیا مابوومەوە، چەندین کارەساتی زۆرم بینی کە خەڵکانی کوردی فەیلی بە سەریاندا هات. ماڵێک پیاوەکەی سەرباز بوو، منداڵی بچووکی هەبوو، لەگەڵ ژنەکەیدا و خەزووری ژنەکە واتە باوکی پیاوەسەربازەکە وڵاتبەدەر کران، بێئەوەی ئەو پیاوە سەربازە هەر ئاگادار بکرێتەوە، کاتێک هاتەوە بە مۆڵەت پێیان راگەیاند خێزانەکەی وڵاتبەدەرکراون، پێمانگوت مەچۆرەوە بۆ سەربازی، تۆش رێگایەک بدۆزەرەوەو هەڵبێ بۆ دەرەوە، بەڵام نەیوێرا چونکە سەرباز بوو، گوتی دوایی لە سێدارە دەدرێم، چونکە تا ئەو کاتەش خەڵکەکە لە سەر ئەو باوەڕە نەبوون،کە ئەم دیاردەی وڵاتبەدەرکردنە ببێت بە دیاردەیەکی فەرمی و پەرە بسێنێت و بەردەوام بێت، بەڵکوو وایان دادەنا بابەتێکی کاتییە، دەگەڕێندرێنەوە، ئیتر ئەو گەڕایەوە بۆ سەربازی وپێی گوتن من خێزانەکەم وڵاتبەدەر کراون، هەر لەوێ ئەویش دەستبەسەرکرا و ئیتر بۆ زیندان و دوای ئەوە بێ سەرو شوێن بوو تا ئێستاش نەبینرایەوە (2023: چاوپێکەوتن).

ماجد حەمید عبدالرحیم (حلو)، کە ئەویش کوردی فەیلییەو لەو کاتەدا ئاگاداری دۆخەکە بووە دەڵێت: پیاوێک لە سەربازی بوو، ماوەی سەربازییەکەی تەواو بوو، ویستبووی بێتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام هاوڕێکانی گوتبوویان ئەم نیوەڕۆیە لەگەڵ ئێمەدا نان بخۆ، ئیتر زۆریان لێکردبوو مابۆوە، لە کاتی نان خواردندا ئەفسەری ئەمن هاتووەو گوتوویەتی سەمیر 10 خولەک کارمان پێتە، هەندێک پرسیارمان هەیە، هەر ئەو 10 خولەکە بوو بە 5 ساڵ زیندانی. کە یەکێک بوو لەوانەی لە ئەبووغرێب زیندانەکەیان شکاند، دواتر بران بۆ نوگرە سەلمان، دواتر دەڵێت پۆلیسەکان لەوێ پێیان سەیر بوو بە عەرەبی قسە دەکەین،

دەیانگوت، گوتوویانە ئێوە ئێرانین چۆن عەرەبی ئەزانن (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

هەرلەو کاتەدا بە پێی بڕیارەکانی بەعس کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، بڕیاردرابوو هەرکەس هاوسەرەکەی کوردی فەیلی بێت لێی جیابێتەوەتەنانەت دەگوترێت بڕیارەکە تێیدا هاتووە ئەگەر لێی جیابێتەوە حکومەت 4 هەزار دیناری پێدەدات و هەر خۆشیان هاوسەرگیری بۆ دەکەنەوە (زەنگەنە، 2023: چاوپێکەوتن؛فەیلی، 2023: چاوپێکەوتن).

ئەحمەد مەجید عەلی بۆخۆی یەکێکە لەوانەی دەڵێت: من هاوسەرەکەم عەرەبی عێراقی بوو، پێیان گوت پیاوەکە و منداڵاکان بەجێ بهێڵە، ئێمە تۆ بەردەدەین، بەڵام رەتی کردەوەو گوتی منیش لەگەڵ هاوسەرەکەمدا دەبم. هەروەها دەڵێت ئێمە کوڕێمان لەگەڵدا بوو ناوی سەباح بوو، کە خۆی و 4 برای لە سێدارە دران، منداڵێکی 20 رۆژەی هەبوو، هاوسەرەکەی عەرەبی عێراقی بوو، کە گوتیان تۆ دەتوانی نەڕۆی، گوتی من ناڕۆم، مناڵەکەی دایە دایکی کوڕەکە (دایکی سەباح) کە ئەویش لەگەڵ کچەکانیدا وڵاتبەدەرکران و منداڵەکەیان بەخێوکرد و ئێستا گەورەیە و لە ئێرانە  هاوکات دەڵێت بەڵێ بڕیاری ئەوە هەبوو پارەیان بدەنێ، لەگەڵ ئێمەدا هەبوو لە هاوسەرەکەی جیابۆوە، هاوسەرەکەی وڵاتبەدەرکراو و خۆیشی پارەیان پێدا و ژنێکیتری بەغدادی هێنا (2023: چاوپێکەوتن).

هەروەها فیراس شەهاب دەڵیت: بیرم دێت منداڵێک کە لە قوماتەدا بوو، باوکەکەی زیندانی کرابوو، بەڵام هاوسەرەکەی عەرەب بوو، پێیان گوت تۆ دەتوانی لە زیندان بێیتە دەرەوە، بەڵام منداڵەکە ئێرانیە، دەبێت وڵاتبەدەر بکرێت، ئەویش بەوە رازی بوو، ئیتر منداڵەکە لە زیندان بە تەنها مایەوەو دایکی من و ژنەکانیتر بەخێویان دەکرد، تا گەیشتە سەر سنوور، لەوێ ئەفسەرێکی ئێرانی کە چیرۆکەکەیان بۆ گێڕایەوە یەکسەر مناڵەکەی لە خۆگرت، هاوکات باس لەوە دەکات کە هەر لەگەڵ ئەواندا خێزانێکی زۆر دەوڵەمەند هەبوو ئەوانیش 2 کوڕیان لە زیندان بوون، کچەکان لەگەڵ ئێمەدا بوون، ئەوانیش دایکیان عێراقی بوو، پێیان گوت تۆ دەتوانی لە زیندان دەرچیت، ئەوە بوو ئەویش رازی بوو هاتە دەرەوە، بەڵام زۆر ژیر بوو، دوای ماوەیەک هەرچیان هەبوو فرۆشتی و سامانەکەی کۆکردەوەو دوای ئەوە بە قاچاخ لە رێگای کوردستانەوە هات بۆ ئێران (2023: چاوپێکەوتن).

بە گشتی لەو ماوەیەدا بە هەمیشەیی فەیلییەکان لە بەر مەترسی وڵاتبەدەرکردن و زیندانی کردن و لە سێدارەدان و کوشتن و بڕیندا بوون و تەنانەت ئەوانەی ماویشن و بەر پرۆسەکە نەکەوتوون، لە ژیانێکی پڕمەترسی و دڵەڕاوکێدا ژیاون و هەمیشە ئەمنەکان چاودێریان کردوون و هەردەم هەڵیان کوتاوەتە سەریان و بەردەوام لە ژێر لێپرسینەوەو لێپێچینەوەدا بوون، ماجد حەمید عبدالرحیم (حلو) دەڵێت: ئێمە لە دۆخێکی زۆر سەختدا دەژیاین، هەمیشە لە ژێر هەڕەشەدا بووین، ئەو دەڵیت گەڕەکی ئێمە کە لە جەمیلە بوو، یەکێک بوو لەگەرەکە زۆر ناوەزەکان و خانووەکانی هەمووی 600 مەتر بوون، بەڵام لە کۆتاییدا وای لێهات چۆل بووبوو،بەشی هەرە زۆری وڵاتبەدەر کرابوون، ئەوانەیشی مابوون، بەتایبەت ئەوانەی رەگەزنامەیان تەبەعی بوو، ئەمنەکان ماوە ماوە هەڵیان دەکوتایە سەریان و ئەوانیش ناچاربوون بەرتیلێک بدەن، بەو بیانووەی کە دۆسییەکەیان دەخرێتە دواوەو وڵاتبەدەر ناکرێن، فەیلییەکان دۆخمان وابوو، کە هاوڵاتی عێراقی نین، تەنانەت میللەتەکەش زۆربەیان پێیان دەگوتین ئێوە ئێرانی و فارسن، ئەوانەی کێشەیان هەبووە تەنانەت لەوەش دەترسان ماڵ بگوازنەوە، یان خانوویەک بکڕن،

هەرچییان بکرِیبایە دەیانکرد بە ناوی خەڵکیترەوە و نەیاندەتوانی خوێندنی باڵا بخوێنن لەبەر کێشەی رەگەزنامە(2023:چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

سەبریە احمد محمد کە وەک پێشتر باسیکرا و زۆر بە رێکەوت لە پرۆسەی وڵاتبەدەکردن رزگاری بووە، ئەویش باسی ئەوە دەکات کە ئەوان هەر لە هەفتاکانەوە وەکوو کوردی فەیلی دۆخیان باش نەبووە. ئەو دەڵێت ژنێک کە خزمی ئێمە بووە لە هەفتاکان وڵاتبەدەرکران و خانوویەکی زۆر جوانیان هەبوو، کەچی دوای گەڕانەوەی پاش 2003، ئەوەندەی هەوڵیدا ناونیشانی خانووەکەی پێ نەزانییەوەو خانووەکەی خۆی نەدۆزییەوە، ئەو دەڵێت من خاڵۆم لە هەفتاکان دەکران، کوڕ وکچێکی لە سەرما مردن، هەروەها دەڵێت، لە هەفتاکان کە ئامادەیی بازرگانیم تەواوکرد، بڕوانامەکەمان بە دبلۆم ئەژمار کرا، دواتر من ناوم بۆ دامەزراندن لە وەزارەتی نەوت هاتەوە، بەڵام کە چووم بۆ مامەڵەکە، تەماشای رەگەزنامەکەیان کردم گوتییان تۆ نابێت لای ئێمە دامەزرێی، تۆ ئێرانیت، بۆیە ناردیانم بۆ وەزارەتی کارەبا (2023: چاوپێکەوتن).

سەبریە لە درێژەی باسەکەدا دەڵێت: راستە ئێمە وڵاتبەدەر نەکراین، بەڵام ئێمە لێرەو لە وڵاتی خۆمان رووبەڕووی چەندین سووکایەتی و جیاکاری و دیاردەی دژە مرۆیی بووینەوەو من لە فەرمانگەکەی خۆمدا پێیان دەگوتم تۆ فەیلییت، تۆ ئێرانیت و هاوڵاتی پلە دووی، هەمیشە شەڕیان پێ دەفرۆشتم، تەنانەت کە منداڵم بوو مۆڵەتی دایکایەتیان پێنەدام و گوتیان تۆ ئێرانیت، لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بڕیارێک دەرچوو کە هەرکەس فەرمانبەر بێت دەتوانێت دوای ئەوەی، کە خولێکی شەش مانگی دەبینێت ببێت بە مامۆستا، کە چی من چووم مامەڵەم پێشکەشکرد، گوتیان تۆ نابێ ببێت بە مامۆستا لەبەر ئەوەی تۆ فەیلیت، چونکە دەبوو من پشتڕاستکردنەوە بهێنم لە رەگەزنامەوە کە من عێراقیم، لە راستییدا تەنانەت دراوسێکانیش پێیان دەگوتین ئێوە سەر بە خومەینین و ئێوە ئێرانین. ئەو دەڵێت ئەوانەشی مابووینەوە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی دەکراین، هەر بۆ نموونە لەو ماوەیەدا بڕیارێک دەرکرا بە ناو (فائض عن حاجة) واتە زێدە لە پێویست،کە بریتی بوو لە خانەنشین کردنی پێشوەختەی زۆرە ملێ بە بیانووی ئەوەی زیادە لە پێویستن، کەچی ئەم بڕیارە زیاتر کوردە فەیلییەکانی دەگرتەوە،زۆربەیان بەو بیانووەوە خانەنشینی زۆرە ملێ کران، ئەو دەڵێت، تەنانەت من زۆر زووتر لە کاتی خۆی، خۆم خانەنشین کرد لەبەر ئەوەی بەردەوام سووکایەتیم پێدەکرا، بۆ ئەوەی لەبەرچاو دوور کەومەوە، ئەو دەڵێت : ئەوەندەمان دەزانی ماڵێک دەردەکران، من هاوڕێیەکم هەبوو زۆر دەوڵەمەند بوون، بە کەسیان نەدەگوت کە ئەوان فەیلین، کەچی لەپڕدا رۆژێک وڵات بەدەر کران هەروەها دەڵێت: ئەوانەشی مابوون بە تایبەتی ئەوانەی مەندەلی و خانەقین و بەغدا زۆربەیان شارەکانی خۆیان بەجێهێشت بەرەو ناوچەکانیتر وەکو کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان و باشووری عێراق (2014: چاوپێکەوتن).

ساجدە محمد حسێن کە ماڵی باوکی وڵاتبەدەر کرابوو هاوسەرەکەشی زیندانی کرابوو، ئەو تەنها خۆی و منداڵەکانی لە بەغدا مابوونەوە دەڵێت: ئێمە کە مابووینەوە دۆخمان زۆر خراپ بوو، رۆژانە لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لێ دەکردین من بۆخۆم پێنج ساڵ چاوەڕێ بووم تا رەگەزنامەی منداڵەکانم دەرچوون و توانیان خوێندن تەواو بکەن، باوەڕ بکە رۆژانە دەچوومە ئەوێ تا ئەو رادەیەی رۆژێک بەڕێوەبەرەکە گوتی ئەرێ ئەم ئافرەتە بابەتەکەی چییە. من هەر دێم و دەیبینم دانیشتووە، تا دەشڕۆمەوە هەر دەبینم دانیشتووە، ئەو دەڵێت سەرەڕای ئەوەی هاوسەرەکەشم زیندانی کرابوو، ئەوان هەمیشە دەهاتنە سەرمان

و لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکردین. تەنانەت دایکی هاوسەرەکەم کە تاکەکەس بوو ئاگادارمان بێت، لەبەر ئەو دۆخە تووشی نەخۆشی دڵ بوو، کۆچی دوایی کرد. ئەو دەڵێت رۆژێک ژمارەیەکیان پێدام و گوتیان لێرەوە هەواڵی هاوسەرەکەت بزانە، کە تەلەفۆنم کرد گوتیان هەر ئێستا وەرە، گوتم ئێستە پێم ناکرێت، بەیانی دێم. بەڵام گوتی نەخێر هەر ئێستا وەرە، کەچی چووم تەنها بۆ ئەوە بوو یاری بە هەستی من بکەن، گوتیان بڕۆرەوە هاوسەرەکەت لێرە نییە، ئەو ئەڵێت منداڵەکانم تا خوێندنیشیان تەواو کرد نەیاندەوێرا بڵێن باوکیان لە زیندانە. (حسێن، 2023: چاوپێکەوتن). فیراس شەهاب دەڵێت:زۆرێک لەوانەی، کە مابوونەوە چوونە هەولێر و سلێمانی و باشووری عێراق (2023: چاوپێکەوتن)، ئەحمەد محەممد عەلی دەڵێت: هەندێک روویانکردە ئەورووپا و هەندێکیتر چوونە بەسراو هەندێک نەجەف و کەربەلا و لە ترسی پرۆسەکە خۆیان کردە عەرەب (عەلی، 2023: چاوپێکەوتن).

## جیاکردنەوەی گەنجان و بەرەو زیندان و بێ سەروشوێنکردنیان

یەکێکیتر لە لایەنەکانی پرۆسەی ڕاگرتنی فەیلییەکان و قەڵاچۆکردنیان،کە لە برگەی بڕیارەکانی بەعسدا هاتبوو و پێشتر ئاماژەی پێکرا، جیاکردنەوەی گەنجەکان بوو، ئەوانەی لە تەمەنی 18 - 28 ساڵدا بوون و هێشتنەوەیان بۆ کاتێکی نادیار، کە ئەم برگەیەش بەسەریاندا جێبەجێکرا،بەڵام نەک لەبەر هێشتنەوەیان بۆ ماوەیەکی نادیار، بەڵکو دواتر بێ سەروشوێنکردنیان و کوشتنیان بە ڕێگای جیاجیا، کە تەنها بڕێکی زۆر کەمیان نەبێت ئەوانیتر کەس نەیبینینەوە، تەنانەت تەرمەکانیشیان نەدراوەتەوە بە کەس و کاریان. یەکێک لەو نموونانە هاوسەری ساجدە محمد حسێن بوو، کە ساجدە دەڵێت: لە هەمان ئەو شەوەدا کە باوکم تەسفیر کرا لە 7/4/1980، من لە ماڵی باوکم بووم بۆ سۆراغ پرسینی باوکم هەر ئەو کاتە ئەمنەکان هاتبوونە ماڵی ئێمە و بە هاوسەرەکەمیان گوتبوو تەنها بۆ 10 خولەک کارمان پێتە، ئیدی بردیان و نەمان بینیەوە، نەخۆی و نە تەرمەکەی (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

ئیسرا فەیلی هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: لە دوای ئێمە ئیتر دەبران بۆ زیندان و لەوێ ئەوەی لە پیاوەکان لە شازدە ساڵییەوە و هەندێک جار لە 14 ساڵیشەوە ئەگەر باڵای بەرز بوایە تا پەنجا ساڵ و هەندێکجار 60 ساڵیش جیا دەکرانەوەو دەبران. ئەو دەڵێت: من پوورزای خۆم 3 کوڕی هەبوو لە ماڵەوە، بە جلی ماڵەوە بردران، لە راستییدا ئەمانە زۆربەیان لە سێدارە دران، نزیکەی 22 هەزار کەس دیار نەمان، هەندێکیان لە سێدارە دران، بەشێکی تریان هاتوونەتە نێو زیندانەوەو پێیان گوتوون بڕن بە سەرباز و دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێن، ئیتر زۆرێکیان رۆیشتوون، ئەوانەی لە 18 ساڵ بە سەرەوە بوون، ئەو دەیگێڕێتەو لە نێو زیندانێکدا دووبرا هەبوون برا گەورەکە چووە بۆ سەربازی، بەوانیتری گوتووە ئاگاتان لە براکەم بێت، بەڵام دواتر براکەی لە سێدارە دراوە، هەندێکیتریان تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاییان لەسەر کراوە. هەندێکیتریان کە زۆر کەم بوون براون بۆ زیندانی نوگرە سەلمان، دەڵێت یەکیان ناسراوی ئێمە بووەو ساڵی پار بە کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد و ئەو بۆی دەگێڕامەوە،کە شوێنێکی نەماوە نەشکابێت و دەڵێت گوتوویەتی هەرکات سەرخۆش دەبوون دەهاتن لە ئێمەیان دەدا، دواجار هەندێکی زۆرکەمیان دەرچوون،کە یەکێک لەوانە ناسیاوی ئەمانە[8]، گووتوویەتی خۆشم نازانم چۆن دەرچووم (2023: چاوپێکەوتن).

ئەحمەد مەجید عەلی دەڵێت: دوای ئەوەی پاسیان هێنا بۆ گواستنەوەمان، تالب و عەلی و مەحموودی

برامیان جیاکردەوەو بران بۆ زیندان، دایکم چەمایەوە ویستی پێڵاوی رائد عەبود ماچ بکات، گوتی تەنها (عەلی )م پێ بدەرەوە، ئەویش گوتی بێدەنگ دەبی یان ئەحمەدیش لەگەڵیان ببەم. ئەو دەڵێت هەرچی گەنج بوون جیایان کردنەوەو بردیانن کە زۆربەیان بە تێزاب کوژران و هەندێکیان TNT یان خستە گیرفانیان و تەقینەوە، کە هیچیان تەرمەکانیشیان نەبینران. عەلی برام TNT خرایە گیرفانیەوەو تەقییەوە، کە ڤیدیۆکەی ماوە، تالبی براشم، ئەو هاوڕێیانەی،کە لە زیندان لەگەڵیدا بوون و ماونەتەوە دەڵێن، خراوەتە تێزابەوەو مەحموودی براشم لە زیندان دەرچوو، بەڵام ئەوەندەی غەم و کەسەر خوارد مرد. حەمیدی برام پێش ئێمە بە تەنها وڵاتبەدەر کرابوو، نزیکی 2 رۆژ بە پێ رۆیشتبوو، نەخۆش کەوتبوو، کە ئێمە رۆیشتین بە هۆی نەخۆشییەوە وەک مردووی لێ هاتبوو، ئیتر دوای 14 تلان بەو نەخۆشییەوە مرد (2023: چاوپێکەوتن).

سیهام وادیش لەم رووەوە دەڵێت: لە زیندان براکەم لە ئێمە جیاکرایەوە و دواتر برا بۆ زیندان و ئیدی نەمان بینییەوە و لە سێدارە درا (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی )هەروەها فیراس شەهاب دەڵێت: بەعس نزیکەی 20 هەزار کەسی ئێمەی بێ سەرو شوێنکرد، یەکەم ئەنفال بەسەر ئێمەدا هات، ئەو دەڵێت کە براینە ئەمنی بەتاوین لەوێ براکەم کە لەدایکبووی 1964 بوو، نزیکەی 16 بۆ 17 ساڵان دەبوو، لێمان جیاکرایەوە، دایکم گوتی کوا کوڕەکەم، گوتیان تا خوارەوە چووە هەندێ پرسیاری لێدەکەن و دێتەوە، ئیدی نەمانبینییەوە تا دوای راپەڕین، زیندانی بوو لە ئەمنی بەغدا، دواتر برابوو بۆ ئەمنی جادریە، دواتر وەک خۆی باسیکرد برابووە ئەمنی فوزەیلییە، دوای ئەویش بۆ ئەبوو غرێب، دواتر بۆ نوگرە سەلمان. ئەو دەڵێت براکەم باسی کردووە کە لە سەرەتادا زۆر ئەشکەنجە دراون، بەڵام لە نوگرە سەلمان کەمتر. دەڵێت رۆژێک لە زینداندا ئەفسەرێک جنێوی پێدام و پێی گوتم تۆ هەم کوردی و هەم شیعەشی (2023: چاوپێکەوتن).

قاسم محەمەد خەنجەر هەر لەم بارەیەوە دەڵێت  من برادەرێکم هەبوو، سێ برا بوون (هەقی، تارق و فایەق)، ئەمان دوو خوشک و دایک و باوکیان وڵاتبەدەرکران، بەڵام ئەو سێ برایە جیاکرانەوەو بران بۆ زیندان و دواتر بۆ نوگرە سەلمان و بێ سەرو شوێن بوون و تەنانەت تەرمەکانیشیان نەبینرایەوە(2023: چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی).هەروەها عەواتف عەبدولحسێن گوتی کە براین بۆ زیندان لەوێ یەکسەر برایەکم بۆ زیندانی ئەبوغرێب، ئەویتریان بۆ سەربازییەکەی دواتر ئەوانەی لەگەڵ براکەمدا بوون درگای زیندانیان شکاندبوو، خۆپیشاندانیان کردبوو، بۆیە بەردران و رەوانەی ئێران کران و ئەویش هات بۆ ئێران (2023: چاوپێکەوتن).

مالک  عەلی عەزیز مورادیش بۆ خۆی یەکێک بووە لەو دەستگیرکراوانە دەڵیت: من بۆ خۆم زیندانی کرام و راگیرام، لە حارسییە لە دائیرەی ئینزیباتی سەربازی، لەبەر ئەوەی من ئەو کات سەرباز بووم، دوای ئەوە ئیتر من نەمهێشت وڵاتبەدەر بکرێم، توانیم لە رێگای کوردستانەوە خۆم و خێزانەکەم هەڵبێم و دواتر بچم بۆ ئێران.ئەو ئەڵێت نزیک بە 3 مانگ راگیرام لە زیندان. دواتر براکانیشم لە رێگای سووریاوە هەڵهاتن(2023: چاوپێکەوتن).

ماجد عبدالرحیم حلو ئەوەی بۆخۆی بینیویەتی دەیگێڕیتەوە دەڵێت: لە خێزانێکدا باوک و کچە بچووکەکەی وڵاتبەدەرکران، کوڕە گەورەکەیان لە کۆلێج بوو، کوڕەکەیتریان لە سەربازی بوو، دواتر بە دیل گیرا، دوو کوڕیشیان هەبوو هێشتا ناویان بۆ سەربازی نەهاتبۆوە، دواتر کە ئەوانیش دەستبەسەر

کران، باوک و کچەکە بەتەنها وڵات بەدەرکران، کوڕەکەی و دایکیان و بووکەکەیان زیندانی کران، بووکەکە لە زیندان منداڵی بوو، کە ئەوکات باوکیشی، واتە باوکی ئەو منداڵە لە سەربازی بوو، ئەمانە نزیک بە 10 ساڵ لە زیندانی ئەبووغرێب مانەوە، ئێستا هەندێکیان لە دەرەوەی وڵاتن و هەندێکیان لە بەغدادن(2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی). هاوکات سەبریە ئەحمەد محەممەدیش ئەوەی بە چاوی خۆی بینیویەتی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: کوڕەکان زیندانی دەکران، ئێمە دراوسێیەکمان کە وڵاتبەدەرکران کوڕەکەیان زیندانی کرا. دراوسێیەکمان هەبوو یەک کوڕی هەبوو کە وڵاتبەدەر دەکرێن بۆ ئەوەی زیندانی نەکرێت بەرگی ئافرەتی لەبەر کرد و عەبای دایە سەریا بۆ ئەوەی نەیبەن، ئەو دەڵێت، ژنێکی فەیلی ناسیاومان دەیگوت بۆم باسکراوە کە کوڕەکەم خراوەتە ناو ئاوی گەرمەوەو کوژراوە، کە ڕەنگە ئەمیش هەر تێزاب بێت (2023: چاوپێکەوتن). هەروەها ئیبراهیم زەنگەنەش کە ئەو کات لە نێو دۆخەکەدا بووە و لە نزیکەوە ئاگاداری هەندێک لە ڕووداوەکان بووە دەڵێت: خوێندکارێک لە زانکۆ لەگەڵمان بوو، زۆر دەوڵەمەند بوون، وڵاتبەدەر کران دواتر بیستمانەوە، کە کوڕەکە جیاکراوەتەوە ودواتر لە زینداندا تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی لەسەر کراوە (2023: چاوپێکەوتن).

## لە ڕێگا چیان بینی لە نەهامەتی

سەرەڕای ئەو نەهامەتییانەی کە لە پرۆسەی ڕاگواستن و زیندانیدا بینیویانە، کوردە فەیلییەکان لە ڕێگای گواستنەوەیاندا بۆ سنووری ئێران و لەوێشەوە پەڕینەوە بۆ ئەو دیوی سنوور، کۆمەڵێک نەهامەتی و دەردی سەریان بەسەردا هاتووە، ئەوان جگە لەوەی،کە زۆربەیان چەندین کیلۆمەتر لە ژێر ڕەحمەتی بۆمباران ولە نێو میندا ڕۆیشتوون، هاوکات لەو ڕێگایەدا چەندین کارەساتی وەک بەجێمان، مردن، نەخۆشکەوتن، منداڵبوون و سەرما و سۆڵەو دەستدرێژی لە لایەن پیاوانی حکوومەتی و دەیان چیرۆکی کارەست ئامێز بوون.

ئیسرا فەیلی دەڵێت: کاتێک لە ڕێگادا بووین بۆ سەر سنور، ئەمنمان لەگەڵدا بوون، هەرچەندە ئێمە ڕووداوی وامان بەسەردا نەهاتووە، بەڵام خوشکێکی باوکم لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا منداڵەکەی شیری نەمابوو بۆیە هەر گریابوو، ئیتر ئەمنەکە گوتبووی ئەو منداڵە بۆ دەگری، گوتبوویان مەمکەکەی شیری تێدا نەماوە، ئەویش تا دەستی گرتبوو مەمکەکەی لە پەنجەرەکەوە فڕێدابوو، ئەو دەڵێت ئەگەر ژنێکیش منداڵی ببوایە نەدەبرایە نەخۆشخانە، بەڵکوو هەردەبوو لەوێدا منداڵەکەی ببوایە، بۆ نموونە خزمێکمان هەر لە ئۆتۆمبیلەکەدا منداڵی بووبوو ( 2023: چاوپێکەوتن). هەروەها ئوسامە یوسف جەلال دەڵێت: من مامی خۆم کچێکی لە ناو ئیڤاکەدا لە دایکبووە لە ناوچەی سۆمەر، بۆیە ناوی ناوە سۆمەر (2024: چاوپێکەوتن). عەواتف عەبدولحسێنیش باس لەوە دەکات کە لە نێو زینداندا کچێکی گەنج هەبووە، کە ڕۆژانە لە لایەن ئەمنەکانەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر (2023 :چاوپێکەوتن).

قاسم خەنجەریش لەم بارەیەوە دەڵێت: پاسی 18 نەفەری هاتوو ئێمە و دوو خێزان کە ئەوانیش هەر کوردی فەیلی بوون ڕەوانە کراین و بەڕێ کەوتین بۆ قەسری شیرین.لە ڕێگا پۆلیسەکان سووکایەتییان پێدەکردین و دەیانگوت ئێوە ئێرانین، بەڵام مامم گۆتی کەس وەڵامیان نەداتەوە، بۆ ئەوەی بە بێ کێشە بگەینە سەر سنوور گەیشتینە سەر سنوور و ڕادەستی ئێران کراین (2023: چاوپێکەوتن).

ئەمانە جگە لەوەی هەندێکیان کە لە پاسەکان دابەزیون ئیتر کارەساتەکەیان لەوێوە دەستی پێکردووە، بۆ نموونە فیراس شەهاب باس دەکات لە ڕێگادا داگیراین و بە پێ بەرەو ئێران بەڕێ کەوتین، من دەستی باوکمم گرتبوو ڕۆیشتین هەندێک لە سەربازە عێراقییەکان بۆمان دەگریان هەندێکیان پێیان گوتین و بگرە تکایان دەکرد،کە تەنها تولە ڕێگای خۆڵەکە بگرینە بەر و لێی لانەدەین، چونکە مینڕێژە، هەر بە راستیش وابوو، چونکە پێش ئێمە زۆر خێزان بە سەر میندا ڕۆیشتبوون و تێدا چووبوون، لە ڕێگا ئێمە زرێپۆشێکمان بینی سووتابوو، لاشەیەکی تێدابوو، سووتابوو دواتر بۆمان دەرکەوت کچێکی فەیلی بووەو مین پێیدا تەقیوەتەوە، هەروەها خێزانێکیتر هەبوو باسیان دەکرد کە ژنێک لە ڕێگا دانیشتووە شیر بداتە منداڵەکەی، بەڵام کە هەڵساوەتەوە مینیان پێدا تەقیوەتەوەوهەردووکیان لە ناوچوون، ئەو دەڵێت لە گرووپی ئێمە کەس بە مینەوە نەبوو و ڕۆیشتین، تا گەیشتینە گوندێکی سووتاو کە دەیانگوت ئیمام حەسەنە، لەو کاتەدا بەهاربوو ئاو زۆر هاتبوو پەڕینەوەمان لە ئاوەکە زۆر زەحمەت بوو، لە بەختی ئێمەش بە درێژایی ڕێگاکە بارانێکی یەکجار زۆر باری، ئەمە لە کاتێکدا بە درێژایی ڕێگاکە تۆپبارانی هەردوولا هەر بەردەوام بوو، بە گشتی ئێمە شەو و ڕۆژێک بە ڕێگاوە بووین، کە گەیشتین من نەخۆش کەوتم، هەروەها دەڵێت زۆر کەس نەیتوانیوە بگەن و بەجێماون و منداڵی زۆر بەجێمان و هەموویان بێ سەرو شوێن بوون،هەروەها دەڵێت یەکێک لە کێشەکانمان جاشە کوردەکانی سەر بە حکوومەتی عێراقی بوون، کە لەو سنوورە بوون، زۆر ئازاری فەیلییەکانیان دەدا و خەڵکیان تاڵان دەکرد و دەستدرێژیان دەکردە سەر شەرەفیان، لەوانە خێزانێک کە خەڵکی کەربەلا بوون (2023: چاوپێکەوتن).

قاسم خەنجەر لەم بارەیەوە نموونەی ماڵی فەرهادی بۆ باس کردین، ئەوان لە ڕێگای ئێراندا، بە ناوچە شاخاوییەکاندا،ڕۆیشتبوون لە ناو شاخەکان مین بە خوشکێکیدا تەقیبۆوە، قاچی لە دەستدابوو، باپیریشیان زۆر پیر بوو، بۆیە ئەم دووانە هەردووکیان مردبوون، ئەوانیش نەیانتوانیبوو گۆڕیان بۆ هەڵکەنن، تەنانەت چاڵیشیان بۆ هەڵنەکەندبوون، هەربۆیە هەر لە سەر زەوی دایاننابوون و ئەو بەتانی و پێخەفەی پێیان بوو دابوویان بە سەریاندا و بەردی گەورەیان خستبووە سەریان بۆ ئەوەی ئاژەڵی کێوی تەرمەکانیان نەشێوێنن. هاوکات ئەو دەڵێت من لەوێ بووم بە پێشمەرگە و لە سنووری مەریوان بووم، زۆرجار کوردە فەیلییەکان بەو سنوورەدا دەهاتن، ئێمە هاوکاریان دەبووین، تیایاندا بوو ناسراومان بوون، یەکێک لەو خێزانانە باسی ئەوەی کرد،کە لە ڕێگای لە لایەن کۆمەڵێک کەسەوە رووتکراونەتەوە، زێڕ و پارەیان لێوەرگیراوە، کە جلی کوردیان لەبەر بووە، بەڵام بە عەرەبی قسەیان کردووەو هەندێک پێیان وابوو ئەمانە گرووپی عەبودن کە ئاگای لە هەموو دەرکردنەکان هەبوو، دوای ئەوەش گرووپەکانی دەنارده ڕێگایان بۆ ئەوەی رووتیان بکەنەوە (2023: چاوپێکەوتن).

ئوسامە جەلال ئەوەی بۆ باسکردین کە خێزانەکەی لە بارەی ڕێگاوە بۆیان گێڕاوەتەوە و گوتی: لە سنوور بە بێ خواردن و خواردنەوە بەڕێ کراوین، ئەو کاتە من 9 مانگم بووە و بە باوشی باوک و دایکمەوە بووم و بۆیان گێڕاومەتەوە زۆر منداڵ و بەساڵاچوو لە ڕێگادا مردوون، ئێمەیان بەڕێ خستبوو و ئەمنەکانیش لە دواوە بوون هەر کەس بگەڕایەتەوە ئەیانکوشت، ئەوان ویستوویانە ڕێگای مینڕێژراومان پێ پاک بکەنەوە، گوتوویانە بەم ڕێگایەدا بڕۆن، بەڵام باوکم لە بەر ئەوەی سەربازی زۆری کردبوو شارەزا بوو، بۆیە گوتبووی بەو ڕێگایەدا مەڕۆن و بە ڕێگایەکیتردا ڕۆیشتبوو، ئەوانەی گوێیان لە باوکم نەگرتبوو

زۆریان مینیان پێدا تەقیبۆوە، خێزانەکەم دەڵێن ئێمە بە چەند شەو و ڕۆژێک ئەوجا گەیشتینە لای ئێران (2023: چاوپێکەوتن).

ئەحمەد مەجید عەلییش لە بارەی ڕێگاوە گوتی : گەیشتینە سەر سنوور پێیان گوتین ئەوە خومەینییە لە سەر ئەو چیایە چاوەڕێتان دەکات، فەرموون بڕۆن، ئەوە بوو کە ئێمە بەڕێ کەوتین و تۆپبارانی هەردوولا بەردەوام بوو، لەو کاتەدا ئێرانییەک هات و بە ئاماژە پێی گوتین لێرە خۆتان مات بدەن نزیکەی کاتژمێرێک لەوێ خۆمان مات دا،دواتر گوتیان بپەڕێنەوە، ئێمە نزیکەی 26 کاتژمێر بە ڕێگاوە بووین، بە ڕێگای شاخاویدا، چەندین کەس نەخۆش کەوتن و چەندین بەساڵاچوو هەر تێکچوون، ئێمە بەلای کێڵگەی میندا ڕۆیشتین، هەرچەند بە ئێمەدا نەتەقییەوە، بەڵام تەرم و ئێسک و پرووسکی زۆری فەیلییەکانمان بینی مین پێیاندا تەقیبۆوە، پێویستە ئەوەش بڵێم کە لە کاتی هاتنماندا ئەمنەکان لە دواوە بوون، هەر کەس بگەڕایەتەوە دەکوژرا، هاوکات دەبێت ئەوەش بڵێم کە لە ڕەبایەکەوە مولازمێکی سوپای عێراقی پێی گوتین برا دەترسێین بیڵێین و لە سێدارە بدرێین، ئەگەر نا وەڵڵاهی ئێوە عێراقی ڕەسەنن. هاوکات باسی ئەوەشی کرد کە ئەوانیش جاشەکان داویانە بە سەریاندا و سێ کچیان ڕفاندووەو دواتر سوپای ئێران هێرشیان کردوە بۆ سەر ناوچەکە، سێ کچەکەیان لێ وەرگرتنەوە بێ ئەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەریان (2023: چاوپێکەوتن).

عەواتف عەبدولحسین دەڵێت: ئێمە بە پێ بە ڕێگادا نەرۆیشتین،بەڵام خێزانەکانیتر لە ڕێگادا بە مینەوە بوون، تەنانەت باسی ئەوە دەکات کە لە ئوردووگا بینیویەتی ئەوانەی گێڕاویانەتەوە کە لە ڕێگا، ژنێک لە چیاکە منداڵی بووە، کاتێک منداڵەکەیان بردووە بۆ باوکی ئەویش لە چیاکەوە فڕێیداوەو گوتوویەتی منداڵم بۆچییە، هەروەها باس لەوە دەکات کە بۆی باسکراوە جاشەکان دەموچاویان هەڵپێچاوەو هێرشیان کردۆتە سەر فەیلییەکان و تەنانەت دەستدرێژیان کردۆتە سەر کچێک کە ئەویش لە داخا خۆی سووتاندووە، هاوکات ئەوەش دەڵێت کە هەندێکیان هاتوون ئەمنەکان ڕێگای مینرێژکراویان بۆ پێشنیار کردوون پێیدا بڕۆن (2024: چاوپێکەوتن).ئیسرا فەیلیش دەڵێت: لەوێ بۆیان باسکراوە کە هەندێک خێزان ماوەیەکی زۆر بەڕێگاوە بوون و بە نێو کێڵگەی میندا تێپەڕیون،هەروەها باسی ئەوەیان بۆ کراوە کە جاشەکان داویانە بە سەریاندا و دەستدرێژیان کردۆتە سەر شەرەفیان، ئەو دەڵێت، پوورزاکەم چاوی بە ئافرەتیک کەوتووە کە دەستدرێژی کراوەتە سەر، هەروەها هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە کە ئەوان لە سەر سنوور بوون لە گوندێکی سووتاو جاشەکان هاتوونەتە ئەو گوندە، باوکی عەبایەکی عەرەبی پێ بووە، ئەوانی خستۆتە ژێر جانتاکان و عەباکەی بەسەردا داون، بەڵام دەڵێت ئەوان گوتوویانە بە گوێی خۆمان گوێمان لە دەنگی هاوار و گریانی ژنی خێزانەکانیتر بووە، بەڵام بەیانی کەس بۆ کەسی باس نەکردووە چی بووە. هاوکات دەڵێت، من لەم دواییانەدا تێگەیشتم کە ناسیاوێکمان بە ڕێگادا هاتوون و 18 کاتژمێر بە ڕێگاوە بوون، کچێکی 18 ساڵیان هەبوو، تێکچوو، بابەتەکە ئەوە بوو، پوورزاکەم گوتی، بەڵێ جاش بوون، بە کوردی قسەیان ئەکرد و زێڕەکەیان لێ ساندین (2023: چاوپێکەوتن).

سیهام وادیش لە بارەی ڕێگاوە دەڵێت: ئێمە بەبێ دایکم و باوکێشم کە کۆچی دوایی کردبوو بەتەنیا لە شەودا خراینە نێو ئۆتۆمبێلێک و گەیشتینە سەر سنور لەوێ دایانگرتین و گوتیان ئەوە کوڕی مامەکانتانە لەو شاخە و دەستمان بە ڕۆیشتن کرد لە ڕێگا لە بەر مەترسی و لە بەر مین پشتی یەکترمان گرت و بەدوای یەدا ڕۆیشتی و تەنانەت نەعل و پێڵاومان هەمووی دڕان هەرچەندە شەڕیش بوو، بەڵام ئێمە بە سەلامەتی

گەیشتین، ئەو گوتی بەڵام دایکم دەڵێت لە گەڵ ئەواندا ژنێک لە زیندان منداڵی بووە و لە ڕێگاش مین بە هەندێک کەسدا تەقیوەتەوە، لەوانە ژنێک هەر لەوێ مرد ولەوێ نێژرا (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

مزەفەر محەمەد حسێنیش هەر لەم بارەیەوە گوتی من برادەرێکم، کە بەرێگاکانی کوردستاندا دەرکرابوون لە ڕێگا مین بە کچەکەیدا تەقییەوە و هەر لەوێ گیانی لەدەست دا و هەر لەوێش ناشتیان (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

## کوردە فەیلییەکان لە ئێران دۆخیان چۆن بوو؟

لە ڕاستییدا هەرچەند ئەوان بەو پاساوە دەرکرابوون کە ئێرانین، بەڵام ئێرانیش ئەمانی لەخۆ نەگرت، هەر بە عێراقی مامەڵەی لەگەڵ کردن، ئەوان دەڵێن ئێران ڕاستە کەسمانی ڕەت نەکردەوە، پێشوازی لێکردین، بەڵام بە هەموو جۆرێک جیاواز مامەڵەی لەگەڵ کردین، هاوکات خزمەتکردن و دابینکردنی سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی وەکوو پێویست بۆ ئامادە نەدەکردین.

ئیسرا فەیلی لە بارەی گەیشتنیان بۆ ئێران و نەهامەتییەکانەوە دەڵێت: من لە سەر سنوور باوکی خۆمم نەناسییەوە، چونکە ئەو دوو هەفتە لەو سنوورە چاوەڕێی ئێمەی کردبوو، ڕەنگی بەتەواوەتی گۆڕابوو، ڕەش داگیرسابوو، دەمووچاوی هەمووی سووتابوو، کە خوشک و براکانم بەرەو ئەو ڕایانکرد و باوەشیان پێدا کرد من گوتم ئەوە کێیە، ئێمە کاتی خۆرئاوا گەیشتین و ئۆتۆمبیلێکی سەربازی هات و بردینی بۆ چادرگە، لەوێ پێخەفمان پێدراو چادرمان پێدرا، خێزانێکی زۆری لێبوو، ئەمە جگە لەوەی جگە لەو کەمپەی ئێمە چەند کەمپێکی تریش هەبوون، لەوێ ئاو بە دەبە بوو، بە مەسینە سەرمان دەشۆری، توالێتەکان گشتی بوون و زۆر دوور بوون، هەتا ئێمە لەوێ بووین، خواردن دەهات، بە وەجبە و بە پێی سەر خێزان، کەم بوو هەر مەمرە و بژی بوو، ئەوان پەیوەندیان نەبوو بە تۆوە چیت لێدێت، گەرماتە، سەرماتە، لەوێ کارەبا نەبوو، ئاو بە تەنکەر دەهات، دواتر گوتیان بۆتان هەیە دەربچن بەو مەرجەی کەسێک بێت و کەفالەتتان بکات، ئەوە بوو ئێمە لەبەر ئەوەی باوکم لەوێ هاوڕێی هەبوو، زوو هاتن و کەفالەتیان بۆ کردین و لەوێ دەرچووین، بەڵام هەبوو تا ماوەیەکی زۆر مانەوە، تەنانەت من پووری خۆم 4 ساڵ لەوێ مایەوە، هەشمانە تا ئێستاش هەر لەو کەمپانەدا دەژین، ئێمە کە لەوێ دەرچووین کارتی سەوزمان بۆکرا، بەڵام تەنها لە بازاڕی ڕەش بۆمان هەبوو کار بکەین، دامەزراندن بۆ ئێمە نەبوو، تەنانەت ئەگەر کەسێکیش لە کۆمپانیایەک کاری بکردایە و ئاشکرا بوایە ئەوا کۆمپانیاکە سزا دەدرا یان دادەخرا، ئێمە هیچ بیمەیەکمان نەبوو، دەفتەری چەک، بیمەی نەخۆشخانە، ئەمانە هیچیمان نەبوو، تەنانەت گرێبەستی هاوسەرگیریمان جیاواز بوو، تەنانەت خوێندنیش لە قوتابخانەی تایبەت بە خۆمان بوو، تا پۆلی شەشی ئامادەیی ئاسایی بوو. بەڵام لەوە بەدواوە زۆر قورس بوو، تا زانکۆ ئەهلی و نیمچە ئەهلییەکان کرانەوە، تا ئەم دواییانە بۆمان نەبوو هاوسەرگیری لەگەڵ ئێرانیدا بکەین، بەڵام لەم دواییانەدا بڕیار دەرچوو دەتوانین لە سەر ژن یان پیاوی ئەوان ناسنامە وەربگرین، ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەین، خۆ ئەگەر جیابوویتایەوە یان مردایە ئێرانییەکە، ئەوا ناسنامەکەیان لێ وەردەگرتیتەوە. حکوومەتی ئێران دەیگوت تۆ تا نەیسەلمێنی باوانت ئێرانی بوون ناسنامەت پێنادەم، هیچ باکیان نەبوو کە حکوومەتی عێراق ئێمەی بەو بیانووە دەرکردووە کە ئێرانین، دەیگوت ئەگەر بەم دۆخە ڕازی نیت بڕۆ،

تەنانەت تێکەڵبوونیش لەگەڵ ئێمەدا کەمبوو لە سەرەتادا، دووره پەرێزبوون لێمان، راستە ئێران پێشوازی لێدەکردین بەڵام وەکوو مامەڵە و خزمەتگوزاری لە ئاستی پێویستدا نەبوو، ئەوان خۆیان بۆیان دیاری دەکردین لە چ شارێکدا بژین و بۆت نەبوو بە ئارەزووی خۆت هەموو ناوچەکانی ئێران بگەڕێیت، لە سەر کارتەکەت کوێ بنووسرایە ئیتر نەتدەتوانی لە شارەکانیتر بژیت و کار بکەیت، تەنها کرێکاری نەبێت، من تا 2004 لەوێ بووم هەر هەمان مافم هەبوو کە لە هەشتاکان هەمبوو (فەیلی، 2023: چاوپێکەوتن).

مزەفەر محەمەد حسێن دەڵێت: ئێمە سەرتا وامان دەزانی بابەتەکە کاتییە و دەگەڕێینەوە بەڵام وا دەرنەچوو ئەوە بوو ئێمە 3 رۆژ لە چادرگە ماینەوە و دوای ئەوە هاوڕێیەکی باوکم هات و کەفالەتی کردین و سەرەتا چوین بۆ کرماشان و دواتریش بۆ تاران و خانوویەکمان بە کرێ گرت و ئیدی کارتی سەوزیان پێداین، کە لەسەری نووسرابوو تەنها بۆ ناساندنە و ئیدی هیچ مافێکی تری وەکو موڵکایەتی و ژنخوازی و ئەمانەمان نەبوو و نەشمان دەتوانی تا ئەم دواییانە ژنی ئێرانی بخوازین و حکومەت تەنها وەکو کۆچبەرێکی عێراقی مامەڵەی لە گەڵدا دەکردین تەنها ئەو کەسانە بۆیان هەبوو رەگەزنامەی ئێرانی دەربهێنن کە ناویان لە تۆمارەکانی ئەوێ هەبوایە (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

قاسم خەنجەر دەڵێت: گەیشتینە سەر سنوور و رادەستی ئێران کراین و لەوێ لە مزگەوتێکدا کۆ کراینەوە، گوتیان چونکە شەوە ناتوانین بڕۆین لەبەر مەترسی رێگا، بۆ بەیانی چەند خێزانێکی تریش هاتن، ئۆتۆمبیلیان هێنا، بۆ قەسری شیرین و لەوێوە بۆ ئیسفەهان و بۆ ئۆردووگا، ئیتر نزیکەی 2 هەفتە لە ئۆردووگا ماینەوە، دوای ئەوە خاڵی کوڕە مامەکانم کە پێشتر لە هەفتاکان دەرکرابوون هاتن کەفالەتیان کردین و دەرچووین بۆ تاران، لەوێ ماڵی باوکیشم کە هەر ئەوان کەفالەتیان کردبوون، لەوێ بوون، بینییەوە.بەراستی ئۆردووگا کارەسات بوو، هەروەکوو خەون و کابووس وابوو، باوەڕمان نەدەکرد وا بێت، لە شۆکدا دەژیاین، دەمانگوت چۆن جارێکیتر ناگەڕێینەوە بۆ بەغدا، هەرچاوەڕێی ئەوە بووین بگەڕێینەوە. ئوردووگا هەر لە شێوەی کێڵگەیەکی گەورەدا بوو، تەنها پەرژین کرابوو، چەند چادرێک هەڵدرابوون، نە ئاو و نە کارەبا، هیچی نەبوو. ئێمە وامان دەزانی UN دێتە ناو بابەتەکەوەو کۆتایی بەم بابەتە دێت، بەڵام وانەبوو، ئێمە هەوڵماندا مانگرتن و چالاکی بکەین، بڵێین کوا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوەکان، بەڵام کەس خۆی لە بابەتەکە نەگەیاند. دواتر کارتی سەوزیان پێداین، کە لەسەری نووسرابوو هیچ بایەخێکی فەرمی نییە، بەڵکوو تەنها بۆ تۆمارکردن و ناساندنی ئەو کەسەیە، کە ئەمە لە عێراقەوە هاتووە، ئەمە لە ئەڵمانیا پێیان گوتم هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە کارتی سەوز واتە ئیقامەی زێڕین.ئێمە بۆمان نەبوو موڵکمان هەبێت، باوکم خانوویەکی کڕی، کردی بە ناو خاڵمەوە، بۆمان نەبوو بچینە هەندێ ناوچەی سنووری وەک سنە و مەریوان و شوێنیتر(2023: چاوپێکەوتن)

عواتف عبدالحسین یەکێکە لەوانەی کە دەردی سەرییەکی زۆری لە ئێران بینیوە،ئەو دەڵێت: دوای ئەوەی ئێرانییەکان وەریانگرتین، ئیتر بردیانین بۆ شوێنێکی چۆڵ و دانیشتین و خواردن دابەشکرا، دوای ناونووسین ئێمە کە دایک و باوکمان لەگەڵدا نەبوو، ئەوان گوتیان ئەمانە کێن و چین، پێیان گوتن ئەمانە 4 خوشکن و دایکیان لەگەڵیاندا نەهاتووە، ئەوان لەوە دەترسان ئێمە سیخوڕ بین، لە درەنگانی شەودا ئۆتۆمبیل هات و ئیدی دەستیان بە پشکنینی ئێمەکرد، پشکنینێکی زۆر ورد، شتێکمان و شوێنێکمان نەما نەیپشکنن، دواتر سواریان کردین بۆ برۆجێرد، لەوێ بۆ رۆژی دوایی بردیانین بۆ لێپرسینەوە، بەڵام تاکە

وشەیەکیشیان لەگەڵدا نەگوتین، تەنها تەماشایان دەکردین، بۆ رۆژی دووهەمیش هەروەها. خوشکەکەم گوتی لە سێدارەمان دەدەن؟ وتم بۆ چیمان کردووە، دوای ماوەیەک بردیانین بۆ شوێنێکی تر لەوێ خەڵکی خێرخواز هاتن و کەرەستەی چێشتخانەیان بەسەردا دابەشکردین، حاڵمان زۆر خراپ بوو، خۆشۆردنیش نەبوو، قژمان پڕ ببوو لە مێروو، ئیدی 6 مانگ لە چادردا ماینەوە کەسمان نەبوو، من خۆم شەو تا بەیانی بە دیار خوشکەکانمەوە نەدەخەوتم نەبادە بێنە سەرمان و دەستدرێژی بکەنە سەرمان، ئیتر بەیانیان دەنووستم، ئێمە لەبەر ئەوەی تەنها بووین زۆر متمانەیان پێمان نەبوو، بۆیە دوای ماوەیەک براینە شوێنێکی تر، وام لێهاتبوو بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە، سەرەڕای ئەو دۆخەمان ئەوان دەهاتن و بەزۆر پێیان دەگوتین دەبێ باڵا پۆش بین، لەسەر ئەو ژیانە رانەهاتبووین، ئێمە فێری دەرچوون و چوونە قوتابخانە و گوێ لە رادیۆ گرتن بووین، بۆیە ئەم ژیانە بۆ ئێمە زۆر سەخت بوو، ئێمە لەبەر ئەوەی بە تەنها بووین، تەنانەت بواریان پێنەداین بچینە دەرەوەی چادرگە، رۆژێکیان هەمووانیان بواردا بچن لە دەرەوە گەرماو بکەن و پێداویستییەکانیان بکڕن، بەڵام بە ئێمەیان گوت ئێوە بۆتان نییە دەربچن و ناچاریان کردین لە گەرماوی سەربازگەکەدا خۆمان بشۆرین، دۆخم زۆر خراپ بوو، شەوان بیری باوک و دایک و براکانم دەکرد، دوای ئەوە گواستیانینەوە بۆ شوێنێک تر، زۆر دوور و چۆڵ، ئێمە لەم دۆخەدا بووین تا ئەو کاتەی کەسێکی خانەقینی هەبوو، لە بەغدا هاتبووە داخوازی خوشکێکم، ئەوان پێشتر هەرماڵیان لە ئێران بوو، ئەوە بوو چەند جارێک هاتبوو بۆ لامان دوای ئەوەی زانیبووی ئێمە وڵات بەدەرکراوین، بەڵام هەر رێک نەکەوتبوو ئێمە ببینێت، تا ئەو کاتەی من خۆم رۆژێک خوشکەکانم بە بارەمتە دانا و رۆیشتم لە کرماشان بینیمەوە، دوایی هاتن کەفالەتیان بۆ کردین و دەریان کردین، دوای ئەوەش برا زیندانییەکەمان کە وڵاتبەدەر کرا هات بۆ لامان و ئەوەی کە زۆر ناخۆش بوو ئەوە بوو من دوای ماوەیەک هاوسەرگیریم کرد، کەچی مارەبڕین نەبوو، چونکە هەردووکمان ئێرانی نەبووین (2023: چاوپێکەوتن).

ئوسامە جەلال یووسف دەڵێت :دوای ئەوەی گەیشتینە سەر سنوور، برابووینە چادرگە، لەوێ پوورم کە پێشتر ئەوان وڵاتبەدەر کرابوون و سەردەمی شا رەگەزنامەیان پێ درابوو، هاتبوو کەفالەتمان بکات، بەڵام باوکم گوتبووی نایەم تا براکانم نەگەن، دواتر ئێمە 6 مانگ لە چادرگە ماینەوەو دوای ئەوە چووینە تاران، لە ئێران راستییەکەی پێشوازی دەکراین، بەس هەرچەند ئێمە لەسەر ئەوە دەرکرابووین کە تۆمەتی ئێرانی بوون خرابووە پاڵمان، بەڵام ئەوانیش دەیانگوت ئێوە ئێرانی نین. لە چادرگە کە گەیشتین ئەوان چادریان پێدابووین. باوکم و ئەوان خۆیان هەڵیاندابوو، ئەوانیش کۆمەڵێک توالێت و گەرماوی گشتیان بۆ دروستکردین، ئەم کەسانە هەیانە تا ئێستاش هەر لە چادرگە ماون، ئێمە دوای 6 مانگ کە دەرچووین ئیتر خۆمان، خۆمان دەژیاند. کارتی سەوزیان پێداین، کە تەنها بۆ هاتووچۆ بوو، بۆمان نەبوو مڵکمان هەبێت، نە خانوو، نە ئۆتۆمبیل، تەنانەت نەماندەتوانی پارە لە بانکیش دابنێین، خوێندنیشمان لە قوتابخانەی تایبەت بە خۆمان بوو، ئێمە بۆمان نەبوو لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکیتر بڕۆین، دەبوو بچین داوای مۆڵەت بکەین، تا لەم دواییانەدا هەندێ ئاسانکاری کرا (2023: چاوپێکەوتن).

سیهام وادی دەڵێت :گەیشتینە ئێران دوای ماوەیەک مانەوە براین بۆ چادرگەی جەهرووم لەوێ ژیانمان باش بوو پێویستییەکانمان دابین دەکران دواتر پوورم هات و کەفالەتی کردین وبراینە تاران ولەوێ ناونووسکراین وگەڕاینەوە بۆ کرماشان دواتریش دایکم دەرکرا و هات ئیدی دوای ئەوە کارتی سەوزیان پێ

داین (2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

فیراس شەهاب دەڵێت: کە گەیشتینە ئێران، پاسدار هاتن و سواری لۆریان کردین، بۆ جوانڕۆ، لەوێ لە مزگەوت و قوتابخانە دابەشیان کردین، دواتر بردیانین بۆ کرماشان، لەوێ پاس هاتن و بردیانین بۆ جەهروم، کە تا ئێستەش هەندێ کوردی فەیلی لەو کەمپە هەر ماون، 1 مانگ و نیو لەوێ بووین، دوایی ئەو خزمانەمان کە لە هەفتاکان چووبوونە ئێرانەوە، بە تایبەت لە دوای نسکۆی 1975، هاتنو کەفالەتیان بۆ کردین، دەرچووین. ڕاستییەکەی ئێمە کە گەیشتینە کەمپ لەوێ چادر هەڵدرابوون و مانگی سوور هات و ڕاخەر و بەتانی پێداین، لەگەڵ کەرەستەی چێشتخانە، هەندێک جار ئێران وشکەی پێ دەداین و جارجاریش خواردنی ئامادەکراو دەهات، کۆمەڵێک توالێتی گشتی دروستکرابوون، هەر سەد چادرەو کۆمەڵێک توالێتی هەبوو، ئاومان بە تەنکەر بۆ دەهات، کارەبا نەبوو، فێنک کەرەوەو گەرمکەرەوە نەبوو، من خۆم لەوێ نەخۆش کەوتم، بنکەی تەندروستی لێبوو لەوێ ناویان تۆمار کردین و تا خزمەکانمان هاتن لەوێ بووین، دواتر چووینە کرماشان و دوای ئەوەش تاران و ئیتر بەرەو ژیانی ئاسایی ڕۆیشتین، دوای ئەوە هەندێک پارەمان لە عێراقەوە بۆ هاتەوە لە ڕێی کوێت و سووریا و شوێنەکانیترەوە، حکومەت کارتێکی سەوزی پێداین، وەکوو ڕێگەپێدان، موڵکایەتی نەبوو، ئەم کارتە تەنها بۆ بازگەکان بۆ پشکنین بوو و تەنانەت بۆ هەندێک شوێنی سەر سنوور بۆمان نەبوو بێ مۆڵەت وەرگرتن بڕۆیین (2023: چاوپێکەوتن).

ئەحمەد مەجید عەلی دەڵێت: چووینە ناو ئێرانەوە ڕۆژێکی ڕەش بوو، لە سەددام خراپتر بوون، ئێمەیان بردە مزگەوتێک، لە هۆڵێکی بچووکدا 250 کەس یەک لە سەر یەک، تا 3 ڕۆژ دوای ئەوە بردیانین بۆ جوانڕۆ، خستیانینە قوتابخانەیەکەوە، فڕۆکەی عێراقیش بۆردمانی دەکرد، ئێمەیش لە نێو قوتابخانەکەدا بووین و نزیکەی هەفتەیەک لەوێ ماینەوە، دوای گوتیان دەتانبەین بۆ ئۆردووگای جەهروم، کە 20 کاتژمێر لەوێ دوور بوو، پاسیان هێنا و بردیانین بۆ ناوچەیەکی نزیکی کرماشان، دایانبەزاندین، بۆ وەرگرتنی زانیاری لە سەر ناومان و کارمان چی بووە لە عێراق و ئەم پرسیارانە. گەیشتینە جەهروم، جەهروم گەرم، لەوێش نزیکەی 6 - 7 مانگ ماینەوە، دواتر خزمەکانمان هاتن و کەفالەتیان بۆ کردین و دەرچووین بۆ تاران و خانوومان بە کرێ گرت، کارتی سەوزیان پێ داین، 18 ساڵ لە سەر ئەعصاب ژیاین، نە موڵکداری کردن هەبوو نە دامەزراندن هەبوو، نە کاری کۆمپانیا (2023: چاوپێکەوتن).

ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە کە لەو کاتەدا ئەو هەمووە زوڵم و زۆر و نەهامەتییە بە سەریاندا هاتووە کەچی لێم پرسین ئایا لەو ماوەیەدا ڕێکخراوی مرۆیی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان، هاتنە لاتان، هەموویان گوتیان نەخێر، ئەمە لە کاتێکدایە باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا سەرجەمیان ئاگاداری ئەمە بوون. تەنانەت احمد مەجید علی دەڵێت: نەتەوە یەکگرتووەکان گوتوویەتی وەرن چاوپێکەوتن بکەن لە باڵیۆزخانەی چەند وڵاتێک، دەردەکرێن بۆ ئەو وڵاتانە، ئەوە بوو سەردانی باڵیۆزخانەی دانیمارکم کرد، چاوپێکەوتنیشم کرد، کەچی حکوومەتی عێراق ڕێگای نەدا دەرچین (2023: چاوپێکەوتن). ئەمە جگەلەوەی چەند کەسێکیان بە فیزای پاس دەرچوون، واتە ئەوان ئاگاداری دۆخەکە بوون، کەچی یەک ڕێکخراو سەردانی نەکردوون کە ڕەنگە حکوومەتی ئێران دەستی لەمەدا هەبوبێت، ئەوەتا ئەحمەد مەجید دەڵێت، من یەک ڕێکخراوم نەبینی تەنانەت لە ئوردووگاش، چونکە ئێران نەیدەهێشت ئێمە ببینن، تەنها جەماعەتی حەکیم (ئەنجومەنی باڵا)دەهاتن، نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەموو مافی ئێمەی دەدا

به ئێران (2023: چاوپێکەوتن). هەروەها ئوسامە جەلال دەڵێت: من ئەوەندەی لەوێ بووم یەک ڕێخراوم نەبینی (2023: چاوپێکەوتن). ئیسرا فەیلیش دەڵێت: نە لە ڕێگا و نە لەوێ هیچکات ڕێکخراوەمان نەبینیوە، نەک هەر ئێمە، بەڵکوو پوورم چەند ساڵ لەوێ بوو، نەیبینیوە، چونکە قەدەغە بوو ئێمە قسەیان لەگەڵ بکەین (2023: چاوپێکەوتن). هاوکات فیراس شەهابیش هەر دەڵێت، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نەدەهاتن، تەنها خاچی سوور و مانگی سوور نەبێت. (2023: چاوپێکەوتن) هەروەها قاسم خەنجەر دەڵیت ئێمە هەوڵیشمان دەدا گردبوونەوە بکەیەین و جاوەڕێ بووین ڕێکخراوە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێنە دەنگ بەڵام کەس نەبوو (2023: چاوپێکەوتن).

## گەڕاینەوە چی بوو؟

دوای رووخانی سەدام،هەرچەندە دادگای باڵای تاوانەکان لە 19ی 11ی 2010 دا دانی بە تاوانی کوشتن و گرتن وکۆچی زۆرەملێی کوردانی فەیلیدا نا ووەکو تاوانی دژە مرۆیی وتاوانی جەنگ وجینۆساید ناساندی (عەزیز و محەمەد ئەمین، 139-2017:138) رەگەزنامەکان گەڕیندرانەوە بۆ فەیلییەکان، رەگەزنامەی عێراقی لە جۆری (3/آ) پێدرا. هەرچەند بەربەستەکانی بەردەم بەدەست هێنانی مافەکانیان و مافی یەکسانی بوونیان نەماوە، بەڵام زۆربەیان گلەییان ئەوەیە کە گومانیان لەو رەگەزنامە هەیە پێیان دراوە، بە تایبەتی کە ئاماژەی فەیلیبوون لە سەر رەگەزنامەکانیان هەیە و رەگەزنامەی عێراقیەکان پێیان دەدرێت لە (هۆبەی بیانی)  دەردەچێت (جون 2014، 144). لە راستییدا ئەمە گرفتی زۆربەیانە، ئەمە جگە لە مامەڵەی فەرمانبەرەکان لە گەڵیاندا هاوکات ئەوەی کە نەیانتوانیوە تەواوی مافە زەوتکراوەکانیان بگەڕێننەوە قەرەبوویەکی ماددی و مەعنەوی بە بارتەقای کارەساتەکەیان پێ نەدراوە، ئەوان ژیانیان، رۆیشتووە، منالی و گەنجی و پیریان لە دەستچووە، تەواو هیوای و ئومێدیان زیندە بە چاڵبووە. عەواتف عەبدولحسێن لە ساڵی 1992ەوە هاتۆتەوە بۆ کوردستان و دەڵێت، دوای دونیایەک لە مامەڵەو وەرەو برۆ، هیچیان بۆ نەکردین، تەنانەت من مێردەکەم کە مرد، خانەنشینی بۆ دەرنەچوو کە لە حکومەت کاری دەکرد، من تەواوی ئومێدم لە دەستچوو، بە تەما بووم پۆلی سێی ناوەندی تەواو بکەم و دابمەزرێم بە فەرمانبەر، بەڵام هەمووژیانم لە ئازار و کێشە بەڕێکرد (2023: چاوپێکەوتن).

ئوسامە جەلال گوتی: ئێمە هیچ کێشەیەکمان نەبوو، سیاسی نەبووین، گرفتمان بۆ حکومەت نەبوو، کەچی دەرکراین، ئیدی من لە 9 مانگییەوە ژیانم نە بینی، نە منداڵیم، نە گەنجیم، من نازانم کەس و کارم کێن، دوای 34 ساڵ پوورزای خۆمم بینییەوە هەر نەمناسییەوە. ئێمە لە 1991 گەڕاینەوە، کە کەس دڵنیا نەبوو ئێرە چی بەسەر دێت، حکومەت دێتەوە، یان جارێکیتر رادەکەینەوە یان چیمان بەسەر دێت، بەڵام باوکم هەر پێداگر بوو لە سەر هاتنەوەمان، ئێمە لەوێ بێزاربووین، ئەوەندە لە خانووی کرێدا بژین، هەرچییەکمان بکڕیبا و بفرۆشتبایە تەنها لە نێو عێراقییەکان خۆماندا و بە 4 شایەت دەکرا لە سەر پارچە کاغەزێک، کە هاتیشینەوە هیچمان نەمابوو، 2 دووکانمان بەجێ هێشتبوو، پاس و لۆری و هەمووی چوون. من تا ئێستە کێشەی رەگەزنامەم هەیە، من ئێستاش نە عێراقیم، نە ئێرانیم. لە عێراق پێیان دەگوتین ئێوە ئێرانین، لە ئێرانیش پێیان دەگوتین ئێوە عێراقین. دەچینە لای حکوومەتی عێراق دەڵێت راستە ئێوە عێراقین، بەڵام تۆ کوردیت، مافت لە کوردستانە، دێیتە کوردستان، لێرەش پێمان دەڵێن، تۆ شیعەیت.

ئێمە پێویستمان بەوەیە حکوومەتی هەرێم هاوکارمان بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکامنان لەگەڵ عێراق، ئێمە ئەو رەگەزنامەیەی وەری دەگرین لە عێراق ژمارەی جیاوازە، ئێمە مافەکامنان نە لە عێراق و نە لە کوردستان وەرنەگرتووە ( 2023: چاوپێکەوتن).

قاسم خەنجەریش دەڵێت: ئێمە هیچ هیوایەکمان نەمابوو، ئاواتەکامنان مردن. حەزی تەواوکردنی خوێندمنان نەما و بەتەواوی ژیامنان شێوا (2023؛ چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی).

ئەحمەد مەجید عەلی دەڵێت: دوای گەڕانەوەمان گوتمان سەدام رۆیشت، چووین  بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامە پێی گوتم تۆ کارەکەت وا لە هۆبەی بیانییەکانە، لە نهۆمی دووەم، بۆتان نییە بێن بۆ هۆبەی عێراقی. پێیان گوتین ئێوە تا ئەم ساتەش هەر بیانین و بۆیان نووسیوین رەگەزنامەی پێشووی ئێرانی بووە، ئێمە دەمانەوێت ئەم کێشانەمان بۆ چارەسەر بکرێت، یان ئەوەیە بکرێین بە هاوڵاتی کورد یان ئەو وشەی تەبەعیە، لابەرن. من پێش 2 مانگ رۆیشتم و هەموو شتێکی عێراقیم هەیە، گوتم ئایا من کەسێکی بیانیم، گوتی بەڵێ بیانیت(2023: چاوپێکەوتن).

فیراس شەهاب هەر لەم رووەوە دەڵێت: من لەساڵی 1992ەوە گەڕاومەتەوە کوردستان، تا ئێستاش حکوومەتی عێراق کێشەی تێدایە، لە سەرەوە بڕیار دەدرێت، بەڵام لە خوارەوە ئێستاش هەندێ بەرنامەی بەعس پیادە دەکەن، زۆربەیان پێیان ناخۆشە ئێمە گەڕاوینەتەوە، لە بەغدا من خۆم چووم بۆ رەگەزنامە، فەرمانبەرێک پێی گوتم، ئێوە تەبەعین، من بوومە شەڕ لەگەڵیدا، ئەمە جگەلەوەی موڵک و ماڵی لە دەستچوومان نەگەڕاوەتەوە، من هیوادارم حکوومەتی هەرێم هاوکارمان بێت ئەوەیان بیر بێت کە بەشداری کوردی فەیلی لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشێ نوێدا چۆن بووە (2023: چاوپێکەوتن).

سیهام وادیش دەڵێت: من لە دوای رووخانی سەدام گەڕامەوە خانویەکمان گەڕایەوە، بەڵام خانوویەکی ترمان کە زۆر دەستی کردبوو نەگەڕایەوە ئەوە بوو حکومەت قەرەبووی بۆ کردین بەڵام بەو نرخە نا کە ئەوکات بەهاکەی بوو، بەڵکو زۆر لە نرخی ئەوکاتی بازاڕ کەمتر، من رەگەزنامەی عێراقیم دەرکردووە بەڵام لە هۆبەی بیانییەکان  بەڵام من سێجار پێشکەشم کرد بۆ زیندانی سیاسی لە سێ دادگادا رەتکرایەوە(2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی).

## ئێمە  پەرتەوازە و بەیەکتر نامۆ بووین

یەکێک لە کارەساتەکانی تری ئەو سیاسەتەی بەعس بەرانبەر بە فەیلییەکان بەکاری هێنا بریتییە لە شوێنکەوتەو لێکەوتەکانی بەسەر تەواوی ژیانی فەیلییەکانەوە، کە بە تەواوی پەرش وبڵاو و پارچەپارچەی کردن و بەیەکدی نامۆی کردن و لە رووی دەروونییەوە داڕوخاندوون ئەوەتا ئیسرا فەیلی دەڵێت:» کاریگەرییەک کە ئەو سیاسەتەی بەعس لە سەر ئێمەی کوردی فەیلی دایناوە، بڕوا ناکەم بە ئاسانی بسڕدرێتەوە (2023: چاوپێکەوتن). هەر بە راست ئەوەی ئەو سیاسەتە بە سەر ئەواندا هێناویەتی وا ئاسان کۆتایی نایەت، ئەوان  پەرتەوازە بوون، وەک کوردی فەیلی، وەک خێزان، ئەوان وەک کوردی فەیلی، هەندێک لە باشووری عێراقە، هەندێک لە کوردستان و هەندێک لە ئێرانە و هەندێک لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا، وەکو خێزانیش، باوک لە ئێرانە، کوڕ لە بەغدا، کچ لە سلێمانی و برا لە ئەوروپا، هەر یەک خاوەن کەلتوور و زمانێکن، هەر یەک هەڵگری فەرهەنگێکن و  هەریەک لە سەر جۆرە ژیانێکن، بە رادیەک دوو

خوشک کە قسە دەکەن، یەکیان عەرەبی و ئەویتریان فارسی، دووبرا یەکتر ناناسن، خوشک و برا هیچ لە بارەی کەلتوور و فەرهەنگی یەکەوە نازانن.

ئیسرا فەیلی دەڵێت: دوای ئەو سیاسەتە تەواوی پەیوەندییەکان تێکچوون، هەندێکمان لە ئێرانن و هەندێک لە عێراقن، هەندێک لە ئەورووپا، هەر یەکەمان کەلتوورێک و فەرهەنگێک، منداڵی هەر یەکمان زمانیک، ئەوانەی لە بەغدا ماونەتەوە زۆر جیاوازن لە ئێمە. من کە چووم خۆم زۆر جیاواز بینی، ئەوان تا ئێستاش دەترسن هەندێ بابەت بە ئاشکرا باس بکەن، تا ئێستاش ئێمە خۆمان بە هاوڵاتی پلە 2 دەزانین، بەڵێ، ئێمە تووشی نامۆبوون بووین، تووشی ساردوسڕی مامەڵە و پەیوەندی بووین، تووشی بەدگومانی بووین، ئێستا وێڵێن بە دوای شوناسماندا، ئایا کوردین، عەرەبین، عێراقین، ئێرانین. هەر ئەوەش وایکردووە زۆربەمان مەزهەب بە شوناسی خۆمان بزانین و پێمان وابێت ئەمە تاکە تایبەتمەندی ئێمەیە لەوانیتر جیامان دەکاتەوە و هەموومان بە یەکەوە دەبەستێتەوە (2023: چاوپێکەوتن).

فیراس شەهاب دەڵێت: ئێمە ئێرانیش وەکوو عێراقی مامەڵەی لەگەڵ کردین، هەربۆیە زۆربەی هەرە زۆری فەیلییەکان بە هەر رێگایەکدا بووبێت بۆی دەرچوون بۆ دەرەوەی ئێران و بۆ ئەورووپا. ئەو دەڵێت من ئێستا لە بنەماڵەی خۆمان، نەنکم لە ئەهواز نێژراوە، مامم و دوو کچی لە سمنان، پوورم لە قەزوێن، دوو خاڵی دایکم لە کرماشان، مامم و کچی مامم لە لەندەن و پوورزام لە ئەڵمانیا. ئێمە هەندێکمان لە عێراق ماینەوە، هەندێکمان لە ئێران و هەندێک چوون بۆ ئەورووپا (2023: چاوپێکەوتن).

ئوسامە جەلال دەڵێت: من 3 مامم بە ڤیزاپاس لە ئێرانەوە چوون بۆ سوید، (2023؛ چاوپێکەوتن).

ئەحمەد مەجید دەڵێت: ئێمە پەرتبووین، من خۆمان لە ئێران بووین، کوڕی خاڵەکانم چوون بۆ سوید، هەندێکمان چوون بۆ بەسراو نەجەف،، کەربەلا، هەندێکمان بوون بە عەرەب، هەندێکمان لە ئێران بووین، هەندێک لە کوردستان (2023: چاوپێکەوتن).

عەواتف عەبدولحسێنیش لەم بارەیەوە دەڵێت: من و خوشکەکانم چوونە ئێران، برایەکم و دایکم لە بەغدا مانەوە، براکەی تریشم هات بۆ ئێران، ئێستا براکەم لە ئێرانە، خوشکە بچووکەکەم لە سلێمانی مرد، خوشکەکەیترم هەلی بۆ هاتە پێش و چوو بۆ ئەڵمانیا، لەوێ کۆچی دوایی کرد، منیش وا لە سلێمانیم، دایکم و براکەشم لە بەغدا (2023: چاوپێکەوتن).

مالک عەلی عەزیز مورد بۆ ئەم بابەتە دەڵێت: برایەکم لە سویدە، خوشکێکم لە سویسرایە، برایەکم لە شیراز، خوشکێکم لە کرماشان و خۆمیش لە هەولێر (2023؛ چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی).

قاسم خەنجەریش لەم رووەوە گوتی: ئێمە تەواو پەرتەوازە بووین. من خۆم لە ئەڵمانیام، برایەکم لە دانیمارکە، برایەکم لە هۆڵەندایە، برایەکم لە سویدە، خوشکێکم لە دانیمارکە، برایەکم لەگەڵ دایکم لە ئێران ماونەتەوە(2023: چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی).هەروەها سیهام وادی دەڵێت: ئێستا تەنها من لە بەغدا دەژیم ئەوانی تر لە تاران و سوید و ئەڵمانیا و هەریەکەو کلتورێک و زمانێک. هاوکات مزەفەر محەمەد حسێن محەمەد دەڵێت: من نەگەڕاومەوە هەر لە ئێران ماومەتەوە و دوای بیست ساڵ ژنم هێنا کە رەگەزنامەی ئێرانی هەبوو ئیدی دوای سێ ساڵ و نیو چاوەڕوانی رەگەزنامەی ئێرانی بۆ منیش دەرکرا و ئێستا من لە ئێران دەژیم و کوڕەکەم لە ئەڵمانیا و خزمم هەیە لە بەغدا دەژێت هەمە لە سلێمانی دەژێت هەندێکیش لە دانیمارک دەژین( 2023: چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی)

## ئەنجامەکان

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا و دوای تاوتوێکردنی زانیارییەکان بە چەند ئەنجامێک گەیشتین لەوانە:

1. کوردە فەیلییەکان هەر لەگەڵ دەرکردنی یەکەم یاسای رەگەزنامە لە عێراق لە ساڵی 1924 کێشەی هاوڵاتی بوون و بە دەستهێنانی مافی ژیانیان دەستی پێکردووەو پێ بە پێ لەگەڵ حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانداو بە پێی سیاسەتی گشتیان هەڵوێستیان و ئایدۆلۆجیا و ئایین و سیاسەتیان و مامەڵەیان لەگەڵ پرسی کورد، سیاسەتی بێ مافکردن و زەوتکردنی مافی هاوڵاتی بوون و وڵاتبەدەرکردن بەرامبەر بە کار هاتووە، بەڵام لە سەردەمی بەعسدا و بە تایبەت لە ساڵانی نێوان 1979 - 1991 ئەم سیاسەتە بە لوتکە گەیشتووە.

2. لە سەردەمی سەدام حسێندا و بەتایبەت لە مانگی 4ی 1980 ەوە بە چەند مانگێک پێش جەنگی نێوان عێراق- ئێران، سیاسەتە پاکتاوخوازییەکەی سەدام حسێن بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان دەستی پێکردوەو دواتر بە شێوەی هەڕەمەکی و بێ دەست پاراستن لە ژن و پیر و منداڵ، ئەم پرۆسەیە بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان بەکار هاتووەو زۆر دڕندانە و بێ ئەوەی رێگا بدرێت سادەترین کەل و پەل لەگەڵ خۆیان بەرن، پرۆسەکە ئەنجام دراوە.

3. جگە لە وڵات بەدەرکردن هاوکات پرۆسەی جیاکردنەوەی گەنجانی کوردی فەیلی لە خێزانەکەیان و هێشتنەوەیان و دواتر بێ سەروشوێن بوونیان و لە ناوبردنیان لە چەندین رێگای نامرۆڤانەوە، وەک لە سێدارەدان و لە تێزابدا تواندنەوەو تاقیکردنەوەی چەکی کیمایی لە سەریان، چەندین ریگای تر بە هەزاران گەنجی فەیلی لە ناو براون.

4. لە پرۆسەکەدا کۆمەڵێک رەفتار بەرامبەر بە منداڵ و ژن و کۆی کوردەکان ئەنجامدراون، کە بە پێی پێناسەی جینۆساید، بە تەواوەتی دەچێتە خانەی جینۆسایدەوەو هاوکات رەگەزپەرەستی و راسیستین و دوورن لە هەموو بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان.

5. ئەم پرۆسەیە تەنها کاریگەری لەسەر ئەوانە نەبووە کە بەجۆرێک بەرکەوتەی جۆرێک لە جۆرەکانی سیاسەتی وەدەرنان و زیندانیکردن بوونەتەوە، بەڵکوو ئەوانەشی کە ماونەتەوەو بەرنەکەوتوون، بێبەش نەبوون لە لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتە. هەر هیچ نەبووبێت کەسێکیترنزیک لێیان بە شێوازێک لە شێوازەکان بەرکەوتەی ئەم سیاسەتە بووە. ئەمە جگە لەوەی بۆ هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و لە ژێر چاودێری و سووکایەتی پێکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیان وەکوو هاوڵاتی پلە دوو، تەریکخستنەوەیان لە ژیان رۆژانە.

6. کۆی پرۆسە و کۆی سیاسەتی سەدام حسێن بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان بۆتە هۆکاری پەرش و بڵاوی کوردە فەیلییەکان، چ وەکوو کوردی فەیلی، چ وەکوو بنەماڵە و خێزانیش بەسەر ناوچە جیاجیاکانی عێراق، هەرێمی کوردستان، وڵاتانی دراوسێ، ئەورووپا دابەش بوون و دواجار نامۆبوونیان لە یەکتر لە رووی کلتوور و فەرهەنگ و زمانی لێکەوتۆتەوە.

7. هەر لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەوە گەیشتین کە گرفتی کوردە فەیلییەکان لە دوای رووخانی سەدام حسێن و گەڕانەوەیان بۆ عێراق، دەرکردنی هەندێک یاسای ئەرێنی لە بەرژەوەندی کوردە فەیلییەکان، کەچی تا ئێستاش کێشەکانیان کۆتایی نەهاتووەو تا ئێستاش هەربە هاوڵاتی عێراقی ئەژمار ناکرێن و گرفتی رەگەزنامەیان هەیە و بابەتەکەش وای لێهاتووە، بووە بە کێشەیەکی بۆماوەیی و نەوە بۆ

نەوە دەگوازرێتەوە.

8. ئەوی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەویەدا پێیگەیشتین ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو سیاسەتە دوورو درێژەی حکومەتە عێراقییەکان بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان و لە گەڵ ئەو هەموو نەهامەتییەدا کە لەسەردەمی بەعس وبەتایبەتی سەردەمی سەدام حسێندا بەسەریادا هاتووە و هەوڵەکانی قڕکردنیان و قەڵاچۆکردنیان و هەوڵدان بۆ لە نێوبردنیان و سڕینەوەیان، کەچی ئەمان خۆڕاگربوون و بە گیانێکی پڕ لە بەرگریکردن و خۆ راگرییەوە رووبەرووی ئەو سیاسەتە بوونەتەوە، توانیویانە بەرگری لە بوونی خۆیان و مانەوەیان بکەن و تا ئێستاش هەر هەن و بەگەرمی و زۆر لە جاران زیاتر خۆیان بە فەیلی دەزانن، تەنانەت لە کاتی هەڕەتی کارەساتەکانیشدا، گیانی بەرەنگاری لە ناخیاندا بە گوڕ بووە.

**پەراوێز:**

1- سەبارەت بە بنەچەی زاراوەی فەیلی و ئەو بۆچوونانەی لەو بارەیەوە هەن بڕوانە ( الفيلي، 2009: ٢٩؛ جون، 2014: 70 - 66؛ صالح، 2014: 11 - 44)

2- بڕوانە (الفيلي، 2009،: 25 بە دواوەوە؛ جون، 2014: 126 بە دواوە؛ صالح، 2014: 16 - 18)

3- سەبارەت بە هۆز و تیرەی فەیلییەکان بڕوانە (الفيلي، 2009: 25 بە دواوەوە ؛جون، 2014: 126 بە دواوە؛ صالح، 2014: 16 - 18)

4- پارتی بەعسی سۆسیالیست لە لایەن میشێل عەفلەق و سەڵاح بەیتارەوە لە سوریا دامەزرا دواتر لە رێگای خویندکارانی هەردوولاوە و ناوچە نزیکەکانی سنوری سوریا گواسترایەوە بۆ عێراق ودواتر بەرەو ناوچەکانی تر بڵاوبۆوە وکەسایەتی وەکو فواد رکابی وعەلی ساڵح ئەلسەعدی دەرکەوتن و هێدی هێدی بەعسییەکان پەرەیان سەند،تا بەپشتیوانی دەرەکی توانیان لە 1963 یەکەم کودەتا ئەنجام بدن

5- لە بارەی ژیانی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەردەمەکەی بڕوانە (دیب،2013: 103 بەدواوە )

6- لە بارەی کەسایەتی سەدام و چۆنییەتی بوونی بە کەسی یەکەم لە عێراق بڕوانە (دیب،2013: 100 بەدواوە)

7- لە نێوخەڵکی گشتیدا زیاتر وشەی تەسفیر بەکاردێت، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیە زیاتر وشەی وڵاتبەدەر بەکاردێنین،کە پێمولیە زیاتر دەربڕی راستییەکەیە،چونکە ئەوان لە وڵاتی خۆیان وڵات بەدەرکراون .

8- بەداخەوە زۆرمان هەوڵدا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام بدەین، بەڵام ئامادە نەبوو بە هیچ جۆرێک زانیاریمان پێ بدات

## سەرچاوەکان

1. کتێب بە زمانی عەرەبی

- الفيلي,نجم سلمان مهدي(2009)،الفيليون. تأريخ.قبائل وانساب.فلكلور.تراث قومي،اربيل: ئاراس.

- ديب, كمال(2013). موجز تأريخ العراق من ثورة العشرين الى الحروب الامريكية والمقاومة والتحرير وقيام الجمهورية الثانية،بيروت:دار الفارابي .

- جون ,محمد تقي(2014).قصة الكرد الفيليين محنة الانتماء..واعادة البناء،بغداد، بيت الحكمة.

2. کتێب بە زمانی کوردی

- تەقوش، محەمەد سوهەیل (2021). مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق،و.سەربەست جیهاد،هەولێر:ناوەندی ئاوێر.

- کاظم.مؤيد عبدالستار(2022).کوردبگیر، و.محەمەد ساڵح بەرزنجی، سلێمانی .

3. تێزە زانکۆییەکان

- صالح،سۆزان کەریم (2014).رەوشی سیاسی کوردە فەیلییەکان لە عێراق دا (1958 - 1980).ماستەر بڵاونەکراوە، بەشی مێژوو-زانکۆی سلێمانی .

4. گۆڤارەکان

- عەزیز،ئاریان رەوف و محەمەد ئەمین، پشتیوان حمەسەعید (2017). دەستێوەردانی مرۆیی لە پرۆسکاندنی جینۆساید. جینۆسایدکردنی گەلی کورد بە نمونە،گۆڤاری تایبەت بە کۆنفرانس، زانکۆی گەرمیان.

- سلێمان، تەها(2017).جینۆساید لە باشوری کوردستان:رابوردو، ئێستا وئاینده و کاریگەری وئەرکەکان،گۆڤاری تایبەت بە کۆنفرانس،زانکۆی گەرمیان .

5. چاوپێکەوتن:

چاوپێکەوتن لە گەڵ عەواتف عەبدولحسێن محەمەد لە رۆژی 5/1/2023 لە شاری سلێمانی

چاوپێکەوتن لە گەڵ ئیسرا محەمەد حسێن محەمەد فەیلی لە رۆژی 3/1/2023 لە شاری سلێمانی.

چاوپێکەوتن لە گەڵ فیراس شەهاب ئەحمەد عەلی لە رۆژی 3/1/2023 لە شاری سلێمانی

چاوپێکەوتن لە گەڵ ئوسامە جەلال یوسف لە رۆژی 3/1/2023 لە شاری سلێمانی

چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەحمەد مەجید عەلی لە رۆژی 5/1/2023 لە شاری سلێمانی

چاوپێکەوتن لە گەڵ سەبریە ئەحمەد محەمەد لە رۆژی 7/1/ 2023 لە شاری سلێمانی

چاوپێکەوتن لە گەڵ ئیبراهیم تەمر زەنگەنە لە رۆژی 7/1/2023 لە شاری سلێمانی

چاوپێکەوتن لە رێگای تەلەفۆنەوە لە گەڵ ساجدە محەمەد حسێن لە رۆژی 10/1 /2023.

چاوپێکەوتن لە رێگای تەلەفۆنەوە لە گەڵ ماجد حەمید عبدولرەحیم لە رۆژی 11/1/2023. ناوبراو لە بەغدا نیشتەجێیە.

چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی لە گەڵ مالک علی عزیز مراد لە رۆژی 13/1/2023. ناوبراو نیشتەجێی شاری هەولێرە

چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی لە گەڵ قاسم محەمەد عەلی خەنجەر لە رۆژی 20/1/2023 ناوبراو دانیشتوی وڵاتی ئەڵمانیایە.

چاوپێکەوتنی لە رێگای تەلەفۆنەوە لە گەڵ سیهام وادی عەبدولحسێن لە رۆژی 24/1/2023 ناوبراو نیشتەجێی شاری بەغدایە.

چاوپێکەوتن لە رێگای تەلەفۆنەوە لە گەل مزەفەر محەمەد حسێن محەمەد لە 24/1/2023 .ناوبراو لە ئێران دەژیت.

## ملخص البحث


تعرض الكورد الفيليية الى مختلف أنواع الظلم والسياسات التعسفية من قبل حكومات المتعاقبة في العراق و ذلك لاسباب متعلقة بمسائل الهوية العراقية, حيث واجهوا مشاكل منذ بدايات تأسيس الدولة العراقية, حيث تم تهميشهم كمواطنين و تعرضوا للسجن والاعتقال والتهجير, وصلت هذه السياسات الى ذروتها ابان حكم صدام حسين، ففي الفترة مابين 1991-1979 هجّروا قسراً و رحلوا دون أموالهم و ممتلكاتهم و تعرض الكثير منهم الى الاعتقال و الاعدام.

بحثنا هذا هو سرد لواقع حياة الكورد الفيليية في تلك الفترة و ذلك عن طريق اجراء مقابلات شفهية مع عينة صغيرة من الفيليين الذين عاشوا بأنفسهم وسط الكوارث والماسى و او سمعوا اهوال هذه الاحداث من شهود عيان.

مهدنا للبحث بنبذة عامة حول الكورد الفيلية و السياسات التعسفية تجاههم منذ بدايات تأسيس الدولة العراقية حتى مجيء صدام حسين الى الحكم وبعدها تبدأ بسرد وقائع الاحداث و من خلال كلام المعنيين انفسهم منذ بداياتها وسبل التي اتبعها البعث ضد الفيليين من التهجير و الاعتقال والتصفية و القتل الجماعي واهانات نفسية و التعذيب الجسدي. وقد ركزنا على المصائب التي عانوها في تلك الفترة .

يتطرق البحث أيضا الى أوضاعهم داخل الحدود الايرانية وموقف الحكومة الايرانيية تجاههم و حياتهم بشكل عام في ايران بعد ان نفوا الى هناك. ثم تناولنا أوضاعهم بعد سقوط النظام البعثي وعودتهم الى العراق و تعامل الحكومة العراقية الجديدة معهم , اما المبحث الأخير فخصصناه لنتائج السياسة التي مارسها البعث تجاههم و عواقبها عليهم .

**Abstract**

The Faili Kurds are a significant portion of the Kurdish nation, but since the contemporary Iraqi state›s inception, they have faced many disasters throughout the life of the Iraqi state and in most parts of the government one after the other, due to identity and identity issues. As citizens they saw catastrophes, including marginalization, imprisonment, expulsion, scattering, transportation, and many more catastrophes, and these disasters have reached their peak in the Ba›athist era, especially during Saddam Hussein›s era. Between 1979 and 1991, they were expelled from their homes and lives, many of whom were imprisoned, executed, missing and displaced.

This research is an attempt to convey the reality of the situation and life of the Faili Kurds during this period, which is through oral interviews with a few numbers of the Faili Kurds who lived in the disaster themselves and saw with their own eyes, as well as some of those who had been narrated to them. The study initially focused on Faili Kurds and then quickly recounted the strategy that the Iraqi government employed against them from its inception until 1979,

The research continues to recount the disaster›s events in the witnesses› and victims› own words, initiates with the disaster›s inception and recounting the types of politics, consist of expulsion, imprisonment, execution, murder, and humiliation while also describing the details of the unwanted situation that had been imposed on them. Furthermore, their situation in Iran and thereafter the truth that they have encountered after the collapse of the Ba›athist system and the establishment of a new Iraq is discussed. Finally, the effects and consequences of this policy on their lives are discussed in their own words.